کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم    ژمارە 217    نیوەیدووهەمی ڕێبەندانی 1384    فێوریيە 2006

# خۆپیشاندان لە رۆژی جیهانی پشتگیری لە کرێکارانی ئێران لە چەندین ولاتی جیهان دا

رۆژی چوارشەممە 26ی ڕێبەندان "15ی فێڤریە" لە سەر بانگهێشتی کۆنفێدراسیۆنی ئیتحادیەکانی کرێکاری بە ناوی رۆژی جیهانی پشتگیری لە کرێکارانی ئێران راگەیەنرا بوو و خۆپیشاندان گەلێك لە ولاتانی جۆراوجۆر دا بەرێوە چوو، ئەوەی کە لێرەدا هاتووە کورتەیەکە لە ئەم جولانەوە جیهانیە لە ولاتانی جۆراوجۆری جیهان.

فەرانسە:

ئێوارەی رۆژی 15ی فێڤریە ژمارەیەك لە هەلسوراوانی کرێکاری و لایەنگرانی بزوتنەوەی کرێکاری ئێران خۆپیشاندانێك یان لە شاری "پاریس" پێتەختی فەرانسە بەرێوە برد.

بەشدار بووان لەم خۆپیشاندانەدا بە دانی دروشم و هەلگرتنی پلاکارد خوازیاری ئازادی هەمووی کرێکارانی زیندانی لە زیندانەکانی رژیمی ئیسلامی و دان پیٚ دانانی حەقدەستەکانی کرێکارانی ئێران بوون.

ئامریکا:

هاوکات لە گەل ولاتانی دیکەی جیهان هەلسوراوانی ئێرانی و ئامریکایی …

ل 6

# بەرێوە چوونی ڕیٚورەسمی پرشکۆی 26ی ڕێبەندان لە ئۆردوگای ناوەندی کۆمەڵە



رۆژی 28ی ڕێبەندان بە بۆنەی ڕێز لێنان لە ساڵ رۆژی (26ی ڕێبەندان) رۆژی ئاشکرا بوونی تێکۆشانی کۆمەڵە، ریٚ ورەسمێکی پڕشکۆ لە مەقەری ناوەندی کۆمەڵە لە "زڕگوێز" بەرێوە چوو. ئەم مەڕاسمە کە زیاتر لە 2 هەزار کەس تێیدا بەشدار بوون لەگەڵ شوور و شەوقی بیٚ وێنەی بەشدار بواندا رووبەروو بووە، بەشدارانی ریٚورەسمەکە، ڕێزیانگرت لە 36 ساڵ هەوڵ و خەباتی شورشگیرانەی کۆمەڵە لە پێناو بە دەست هێنانی ئاڕمانەکانی کرێکاران، زەحمەتکێشان و خەڵکی بیٚ …

ل 6

# وت وویٚژی گۆڤاری"ئارەش" لەگەڵ هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە

ئەمرۆکانە لە کاتێکدا کە ئالترناتیوێك لە لایەن لایەنگرانی ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی خەڵکی ئێران لە ئارادانیە، ژمارەیەك لە کە سایەتی، یان هێزە سیاسییەکان، بە مەبەستی بە گڑداچوونەوەی رژیمی کۆماری ئیسلامی، پشت بە ئەزموونەکانی موسەدیق وەك نموونە دەبەستن. بە سەرنج دان بەوەی کە حکومەتی موسەدیق هەڵقولاٚوی سەردەمی خۆی بوو، وە لایەنە باش و خراپەکانی ئەو دەبیٚ لە چوارچێوەی سەردەمی مێژوویی ئەو کاتەدا هەڵبسەنگێنەریٚ و دەرسی لیٚ وەربگیریٚ. ئێمە هاتینە سەر ئەو بروایە کە بە مەبەستی لێکدانەوەی زیاتری ئەم بۆچوونانە …

ل 3

# جینایەتی رژیم لە شارەکانی ماکۆ و بازرگان

لە جەرەیانی سەرکوتی جولانەوەی هێمنانەی خەڵکی شاری "بازرگان" لە ئۆستانی ئازەربایجانی غەربی دا کە رۆژی جۆمعە 28ی ڕێبەندان بە بۆنەی سالرۆژی رفاندنی عەبدوڵاە ئۆجالانەوە بەرێوە چوو، 2 کەس لە دانیشتووانی ئەم شارە بە دەستی هێزەکانی ئینتزامی سەرکوتگەری رژیم کوژراون و 4 کەسی دیکەش بریندار بوون.

لە جەرەیانی ئەم کردەوە سەرکوتگەرانەیە دەیان کەس لە خەڵکی شاری بازرگان دەستگیر کراون کە بە پیٚ برێك هەوالی بلاو کراوە ئامارەکەیان زیاتر لە 80 کەس راگەیەنراوە.

جێگای باسە لە دوهەمین رۆژ و لە جەرەیانی جینایەتێکی دیکەی رژیم لە شاری ماکۆ 7 کەس لە دانیشتووانی ئەم شارە کوژراون، 25 کەسیش بریندار و دەیان کەسی دیکە دەستگیر کراون.

# پشت بەستن بە هێزی خەباتی راستە خۆی جەماوەری تەنیا ڕێگای سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆرشگێڕانەی کوردستانە

بە بۆنەی 26ی ڕێبەندان رۆژی کۆمەلەوە هاوریٚ فەرهاد شەعبانی لە مەقەری ناوەندی کۆمەڵە وتاریکی پێش کەش بە ئامادە بوان کرد، ئەوەی لێرەدا دەی خوینیٚەوە، دەقی ئەم وتارەیە

میوانە بەرێزەکان !

بەشدار بوانی ئازیزی ریٚ و رەسمی رێز گرتن لە رۆژی کۆمەڵە !

هاورێیان!

لە لایەن خۆم و هەمو هاورێیانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە پڕ بە دل بە خێر هاتنتان دەکەم و سپاستان دەکەم بۆ بەشداری لە ریٚ و رەسمی ڕێز گرتن لە روژی کۆمەڵەدا.

ئەمرۆ 27 سال لە دەست پیٚ کردنی تێکۆشانی ئاشکرای کۆمەڵە و ئە مسال 36 سال لە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیە تێپەر دەبێت.

لەم مۆناسبەتە دا و بۆ جارێکی تر سلاو و ڕێزی بیٚ پایانی خۆمان پێشکەش بە یادی ئازیزی هەموو ئەو هاوریٚ گیان بەخت کردووانە و لەوانە هاوریٚ حەمە حسێنی کەریمی لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە کە 27 سال لەمەو پێش لە رۆژێکی ئاوا دا گیانی نایە پێناو رزگاری هەژاران و چە و ساوە کانی ئێران و کوردستان, ئە کە ین.

هەروەها لەم فۆرسەتە کەڵك وەر ئەگرم و سلاو و رێزی هەموو رێزەکانی کۆمەڵە پێشکەش بەو دایك و باوکانە ئەکەم کە رۆلە ئازیز و خۆشەویستەکانیان لە ریزەکانی کۆمەڵەدا گیانیان بەخت کردووە. جارێکی تر لە م روژدا پەیمان تازە ئەکەینەوە کە هەتا ماوین, لە سەر ئەو ڕێبازە پیرۆزە بین کە ئە و ئازیزانە گیانیان لە پێناوی دا بەخت کردووە.

و هەروەها لێرەوە و بۆ جارێکی تر ڕێز و پیٚ زانینی خۆمان پێشکەش بە هەموو ئەو ئازیزانە ئەکەین کە چ لە تەشکیلاتی نهێنی کۆمەڵە لە شارەکان و چ لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگە و لە سیا چالە کانی کوماری ئیسلامی دا لە خە بات ومبارزە ی کومە لە دا بە شداربوون و بوسە قامگیر کردنی ڕێبازی شۆرشگێرانەی کۆمەڵە لە گیان و ژیانی خۆیان مایەیان داناوە و ئەم ڕێبازەیان بەم جێگایە گەیاندووە کە ئێمە ئەمرۆ لێرە کۆبوینەتەوە و ریز لە 27 سال خەباتی ئاشکرای ئەگرین.

بەرێزان:

باسیٚ موناسەبەتی ئەمرومان بە لیٚکولینەوەیکی کورت لە گرێنگترین کێشە سیاسیەکانی ئێران و ناوچەکەی دەست پی ئەکەم.

هەموان ئاگادارن کە کۆماری ئیسلامی بە تایبەت پاش هاتنە سەر کاری ئەحمەدی نژاد سەرۆك کۆماری تازە داندراو، لە گەل دوو قەیرانی جیدی روبە روو بوەتەوە کە ئێستا گویٚ بۆ هەر هەوالنێرێکی نیو دە و لە تی رابگرین زۆر یا کەم باسی ئەم 2 کێشە دەکەن.

یەکەم قەیران کە زۆر گرینگە“ خەبات و تێکۆشانی کۆمەلاٚنی خەڵکی ئێران و کورستان و لە پێشەوەیان چینی کرێکار لە دژی کۆماری ئیسلامیە کە پای ناوەتە ئاستێکی نۆی و لە درێژەی قسەکانم دا دیٚمەوە سەری.

دوهەمین قەیران کێشەی ئەتۆمی یا خۆ هەولدانی رژیمی ئێرانە بۆ بەرهەم هێنانی چەکی کۆمەڵ کوژ کە لە مانگەکانی رابردوودا سەرنجی میدیا و بێرورای گشتی جیهانی بەرەو لای خۆی راکێشاوە.

تا ئەو جێگەی کە بە کێشەی دەولەتی ئێران و و

# پیٚشوازی لە رۆژی کۆمەڵە لە سنەو ئاواییەکانی دەوروبەری





هەڵسووراوان و لایەنگرانی کۆمەڵە بە بونەی 26ی ڕێبەندان رۆژی کۆمەڵە بە شیوەیەکی بەربلاٚو دەستیان داوەتە بلاوکردنەوەی تراکت و راگەیاندنەکانی کۆمەڵە. تراکت و راگەیاندنەکانی کۆمەڵە بە شێوەیەکی بەرچاو، لە گەرەکەکانی غەفوور کەلەکەجاڕ، تەکیەوچەمەن، تازاوا، قەتارچیان، خیابانی وەکیل، زۆرئاوا، شەریفەئاوا، پیرمحەممەد، ریٚوی جاڕ، چەمی حاجی نەسیٚ و حاجی ئاوا بلاوکراونەتەوە. هەروەها لە ئاواییەکانی تەوریوە، تەکیە و تەختە تراکت و راگەیاندنەکانی کۆمەڵە بلاٚو …

ل 2

# نارەزایەتی و خۆپیشاندانی کرێکارانی کانی" سەنگرودی" گیلان لە تاران دوای وادەی بەرپرسانی رژیم کوتایی پیٚ هات



200 کرێکاری کانی بەردی خەلوزی" سەنگرود" لە ئوستانی گیلانەوە چوونە تاران و بەربەیانی روژی دوو شەممە 24ی ڕێبەندان لە بەردەم دەفتەری ئەحمەدی نژاد سەروك کوماری رژیمی ئیسلامی دەستیان دایە خۆپیشاندان و خوازیاری دانی مافەکانی وەدواخراوی خۆیان بوون.

کرێکارانی بەشدار لەم خۆپیشاندانە کە بە نوێنەرایەتی لە 620 کرێکاری کانی سەنگرودەوە چووبونە تاران سەبارەت بە بەکردەوە دەرنەهاتنی بەلێنیەکانی بەرپرسانی رژیم نارەزایەتیان …

ل 7

* بەریەوە چوونی ریٚورەسمی رۆژی کۆمەڵە لە شارە جۆراوجۆرەکانی کودرستان ل 7

* راپورتێك لە بەرێوە چوونی رێورەسمی رۆژی کۆمەڵە لە شاری _ یوتبوری ل 4

* راپورتێك لە بەرێوە چوونی ریٚ ورەسمی رۆژی کۆمەڵە لە سیدنی _ ئوستراليا ل 7

* راپۆرتێك لە ریٚورەسمی رۆژی کۆمەڵە لە شاری فرانکفۆرتی ئالمان ل 5

دەورەی دووهەم ژمارە217 نیوەی دووهەمی ڕێبەندانی 1384 فێوریە 2006

پێشڕەو

ڵاتانی ڕۆژهەڵات لە سەر چەکی کۆمەڵ کوژ ئە گە ڕیتە وە ، قسە لە سەر چەند لایەنی جۆراوجۆر دەکرێت.

دەبیستین دە لێن: ڕەنگە ئامریکا بۆ پێش گرتن بە چەکدار بوونی ئێران بە چەکی کۆمەڵ کوژ هێرشێکی سەربازی بکاتە سەر ئێران. ژمارەیەك لە هێزە سیاسیەکانی ئێرانی و کوردوستانیش ئەمە بە ڕێگایەکی باش بۆ زەخت هێنان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی دەزانن.

لێرەدا چەند پرسیار دێتە گۆر.

یەکەم ئەوەی کە ئایا ئامریکا پێویستی بە هێرشێکی تری سەربازی لەم ناوچەیە هەیە؟.

دوهەم با بلێین مەبەستێکی واشی هەبێت، ئایا ئامریکا توانای ئەم کارەی هەیە؟.

سێهەم ئایا هێرشی سەربازی ئامریکا بۆ سەر ئێران بە قازانجی خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی تەواو دەبێت؟.

لە وڵامی پرسیاری ئەوەل دا دەبێ بلێن کە ئامریکا ئەمرۆ ئیتر پێویستی بە هێرشی سەربازی لەم ناوچەیە نییە لە بەر دوو هۆ، یەکەم ئەوەی کە ئەو کاتەی کە ئامریکا هێرشی سەربازی هێنایە سەر عێراق پێویستی بەوە بوو کە پاش هەرەس هێنانی یەکیەتی سوڤیەت تاکە هێزیی خۆی لە باری نیزامیەوە بە نەیارانی خۆی لە جیهان نیشان بدات. دووهەم ئەوەی کە ستراتێژیەکی نەوتیشی لە عێراق ڕەچاو دەکرد کە تا ڕادە یەك پیی گە یشتوە و لەم کوبوونە وەی ئەمرۆماندا یە جیگای باس نییە.

لە لایکی ترەوە دەبێت بلێین کە ئامریکا ستراتێژی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیشی لە دەستوور دا نییە بە وتەیەکی تر ئامریکا نایەوێت ئال و گۆڕێکی ئەوتۆ لە ئێران پێش بێنێت کە بنیاتەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تێك بچێت. ئەو مەبەستەی کە ئامریکا بە شوێنیەوەیەتی، ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە جەرگەی ڕووداوەکانی ئەم ناوچەیە دا لە ئاستی جیهانی دا لە دژی بەرژەوەندی کانی ئامریکا ڕا نەوەستی.

هەردولا: هەم ئامریکا و هەم ئێرانیش لە قۆناغی ئیستادا چەکی دیپلۆماسی و زەخت هێنانی دیپلۆماتیك بە کار دێنن.

ئایا ئامریکا توانایی هێرشێکی سەربازی بۆ سەر ئێران هەیە؟ وەلام ئە مە یە.

ئەگەر ئامریکا بیهەوێت هێرشێکی سەربازی بکاتە سەر ئێران، ئەبێ لە پێش دا کۆسپەکانی سەر ڕێگای خۆی لە عێراق و ئەفغانستان لا بردبێت. ڕەوتی ڕووداوەکان لەو 2 ولاتە و بە تایبەت لە عێراق وامان پێ دەلێن کە نە تەنیا لە کورت ماوەدا ناتوانێ ئەم کۆسپانە لابەرێ و ڕێگا بۆ هێرشێکی تر خۆش بکات بەڵکو سەرەرای هەزینەیەکی زۆر کە لە م ڕیگایە دا سەرف کردوە, نەیتوانیوە ئەمنییەتی ئاسایی لەم وڵاتە دابین بکات .

وە لە وەڵام بەو پرسیارە کە دەلێ هێرشێکی سەربازی بە قازانجی خەڵکە. بە تەکید و بە یەقینەوە دەلێین کە هەرچەشنە دەست تێ وەردانێکی ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژهەڵات لە ڕووداوەکانی ناوخۆی ئێران بە زەرەری خەڵك و ئەو خەباتەش کە ئێستا لە ئارادایە تەواو دەبێت. وای دا بنین کە ئامریکا هێرشێکی سەربازی بکاتە سەر ئێران، چ ڕوو دەدات؟ بە دلنیاییەوە دەلێم کە هەر لەو ڕۆژەوە کە هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران ببێت بە سیاسەتەی عەمەلی ڕۆژگاری ماڵ وێرانی زیاتری خەڵکی ئێران دەست پێ دەکات. ئەمنیەت لە ژیانیان هەڵ ئەگیری و ژێر خانی ئابووری ئەو ولاتە جاریکی تر ئەچێتە خزمەت شەر.

لەوانە گرینگ تر ئەوەیە کە شەر پیش بە پە رە سە ندن و درێژەی ئەم خەباتە کۆمەلایەتیە و پرۆسەی خۆ ڕێك خستنی ڕێکخراوە کرێکاری و کۆمەلایەتیەکان دەگرێت کە سەرەرای زەبر نواندنی دەولەتی ئەحمەدی نژاد هەر درێژە بە خەباتی خۆی ئەدات.

ئەگەر ئامریکا هێرشی سەربازیش نەکاتە سەر ئێران و هەرباسەکەی بێت، با بلێین کێشمەکێشەکە لە ئاستی دیپلۆماتیك دا بمێنێتەوە، ئەوەیش زەرەر و زیانی خۆی هەیە، زەرەر و زیانەکەی ئەوەیە کە ئەو هێزانەی وا بروایان بەوە نییە کە خەڵك دەتوانێ بە هێزی خەبات و موبارزە و تێکۆشانی خۆی ئال و گۆر پێك بێنێت، ئەوان بۆ سەر کەوتنێکی ئاسان چاوەروان رادەگرن و ئەم دەستکەوتانەش کە تا ئێستا بە خەبات و مۆبارزەی کرێکارانی ئێران وخەڵکی تێکۆشەری کوردستان بە دەست هاتوون لە بار دەچن و ئەو حکومەتەش کە لە سبەینێی شەرایتێکی وا دا کە خەڵك چاوەروان ألگیراون دێتە سەر کار مەعلومە چون دەبێت.

بەلام ئەو حالەتەی کە ئێستا لە ئارادایە ئەوەیە کە فایلەکەی ئێران بۆ شورای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕۆیشتووە. ژمارەیەك لە هێزە سیاسیەکانی ئێرانی چاوەروانی ئەوەن کە حەساری ئابووری بکەوێتە سەر ئێران و بەم چەشنە کۆماری ئیسلامی لاواز بکرێت، لە وەلام بەم بۆچوونەش دا دەبێت بلێین کە تا ئێستا تەجروبە نیشانی نەداوە کە ئەوە حکومەتەکانن کە لە گەماروی ئابوری زەرەر و زیان دەبەن، بە داخەوە ئەوە خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشن کە ئەبن بە قوربانی حەساری ئابووری، ئاخرین نمونەکەی عێراقە، ئیستاش مندالانی ئەم ولاتە تاوانی 14 سال حەساری ئابووری لە سەر ئەم ولاتە ئەدەنەوە، ئەمە جگە لەوانەیە کە سالانە لە بەر بێ دەرمانی و خورد و خۆراك گیانیان لە دەست ئە دا. وا بە نەزەر ناگات ئەمەش ڕێگایەکی باش بێت بۆ لاواز کردنی کۆماری ئیسلامی و پێك هێنانی ئال و گۆر.

بە کورتی بلیم لە م کیشە دا هیچ کام لە لایەنە کان , نە کوماری ئیسلامی و نە و لاتانی روژ هە لات حە قیان پی نیە. ئە رکی سە ر شانی ئیمە یە هە ردوولایان لە قاو بدە ین و ئاکامە کانی ئە م کیشەیە بو خە لك روون بکە ینە وە و بە بەشداری لە خە باتە کە یان دا ریگای سە رکە وتن بە هیزی خویان نیشان بدەین.

ئێستا لە ئێران و کوردستان خەباتێکی کۆمەلایەتی بەرین لە ئارادایە. کرێکاران بۆ وەرگرتنی مافەکانیان لە ئاستێکی سەراسەری دا دەستیان داوەتە خەبات. لە دلی ئەم خەباتەدا کە بە وێنەکانی ئیشارە ئەکەم، ژمارەیەك لە تێکۆشەرانی کرێکاری پەروەردە بوون و بە ئاگاهی لە سەر داخوازە کرێکاریەکان و ئاسۆیەکی روون لە درێژەی خەباتەکەیان دا خوازیاری پێك هێنانی ڕێکخراوە کرێکاریەکانن: هەرلەم ماوەیەدا دەیان و سەدان خەباتی کرێکاری لە شارەکانی ئێران و کوردستان, لە سەقز و سنە و لە تاران و باقی شارەکانی تری ئێران رووی داوە کە تەنیا لە ماوەی 50 ڕۆژدا سەرەأای سانسۆری زۆر بە سەر هەوالنێریەکان دا 81 وێنە خەباتی کرێکاری لای ئیمە سەبت کراوە کە لەوانە مانگرتنی کرێکارانی شەریکەی واحێدی تاران بە تە واوی لە چوارچێوەی یاسا چووە دەر.

هێرش بردنە سەری ئەم مانگرتنانە، زینداتی کردنی کرێکاران، ئەشکەنجە کردنیان, هێرش کردنە سەر مال و حالی تێکۆشەرانی ئەم خەباتە، دەسگیر کردنی بنەمالەکان وبە دیل گرتنی مندالە کانیان, نە تەنیا کۆلی بەوان نەداوە و دەستیان لە خەبات هەلنەگرتووە, بەڵکو سورتر لە جاران خەباتی خۆیان لە دژی کۆماری ئیسلامی درێژە ئەدەن. گرینگی ئەم دەورە لە خەباتی کرێکارانی ئێران ئەوەیە کە توانیویەتی لە ئاستی نێو دەولەتی دا سەرنجی ڕێکخراوە کرێکاریەکانی جیهانی بەرەو لای خۆی رابکێشێت.

هەر پێرێ بوو کە لە سەر داوای گەورەترین ڕێکخراوە کرێکاریە نێودەولەتیەکان کە زیاتر لە 150 ملیۆن کرێکار لە 234 ڕێکخراوی کرێکاری و لە 154 ولاتی دونیا نوێنەرایەتی دەکرێت بە دیفاع لە کرێکارانی ئێران و داخوازەکانیان, کریکاران لە ولاتانی جواروجور رژانە سەر شەقام و دروشمی دیفاع لە کرێکارانی ئێرانیان دا. ڕووداوێك کە بە درێژایی مێژوو وێنەکەی زۆر نەبووە.

جگە لەمە خەباتی ژنان لە دژی بێ ماف و یاسا دواکەوتووەکان ڕۆژ لە گەل ڕۆژ پەرە دەستێنێ. ژنانی پێشرەو و تێکۆشەر لە ئاستێکی بەرین دا خەریکی خۆ ڕێك خستنن، و هەرەشەی دەولەتی ئەحمەدی نژاد پاشەکشەی پێ نەکردوون.

بەشی پێشرەو و ئاگای خوێندکاران خەباتی خۆیانیان لە چوار چێوەی سینفی بردوتە دەر و ئێستا بە دەور و نەقشی سیاسی خۆیان گەیشتوون. بە تایبەت ئەوەیان دەرك کردووە کە تەنیا بە پێوەندی لە گەل بزوتنەوەی کرێکاری، بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان و بەشداری لە خەباتی ژنان دا دەتوانن رۆلی مێژووی خۆیان لە بزوتنەوەی ئازادی خوازانەی ئێران نزیك بکەنەوە.

تا ئەو جێگایەش کە بە کوردستان و خەباتی خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە ئێستا لە کوردوستانی ئێران 3 ڕەوتی ناسراو وجوودی هەیە کە بە ناسنامەی خۆیانەوە دەناسرێنەوە.

ڕەوتێك کە هەموو هیوا و هۆمێدی خۆیانیان بۆ گۆڕانکاری و چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە کوردوستانی ئێران بە ئامریکا و ئەگەری دەست تێ وەردانی ئامریکا لە ڕووداوەکانی ناوخۆی ئێران بەستووە. ئەم ڕەوتە، ڕەوتێکە کە هەر لە ڕۆژەکانی هاتنی ئامریکا بۆ عێراق هەولیان داوە کە خەڵك بەو ئۆمێدەوە پەروەردە بکەن کە دەست تێوەردانی ئامریکا لە ئێران رزگاری خەڵکی کوردستانی تێدا بە دی دەکرێت. تەنانەت ئەو کاتەیش کە دەیانهەوێت خۆرێك بخەن و بەرەیەکی کوردستانیش پێك بێنن ئاسوکەیان ئەوەیە کە بەرەیەك لە سەر ئەساسی ئاسۆیەکی دیپلۆماتیك و خۆ ڕێکخستن لە گەل سیاسەتەکانی ئامریکا لە ناوچەکە پیك بینن. دەیانهەوێت کە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان بکەن بە ئامرازێك بۆ وەرگرتنی بەشێك لە دەسەلاتی ناوچەیی بۆ خۆیان و بە داخەوە ناویشی دەنێن لابردنی ستەمی نەتەوەایەتی لە سەر خەڵکی کوردستان. ئەمە تەوەهۆمێکی زیانبارە. تەنانەت ئەگەر چاو لە مۆدێلی کوردستانی عێراقیش بێت جیاوازیەکە ئەوەیە کە ئامریکا لە کوردستانی عێراق سیاسەتێکی دیاری کراوی هەبوو و ڕەچاوی کرد، بەڵام لە کوردستانی ئێران ئامریکا تەنانەت نە بەلێنێکی داوە و نە سیاسەتێکی ڕەچاو کردووە.

بەلام پێش ئەوەی کە ئامریکا قسەیەك بکات ئەمان بێ دەنگیەکەی ئامریکایان کردوتە سیاسەت و سناریۆیان لە سەر ساز کردووە و خەریکن لە نێو خەڵك دا هیوا و هۆمێدی بۆ دروست دەکەن. ئەم تەوەهۆمە نە تەنیا ئیستراتێژی یەکی نادیارە، بەڵکو لە بار چوونی، دەستکەوتەکانی 27 سال شۆرشی خەڵکی کوردستان لە دژی کۆماری ئیسلامی کە بە هەزاران شانۆی سەرکەوتووانەی تێدا هەبووە ئەباتە ژێر پرسیارەوە و خەڵك چاوەروانی سەرکەوتنێکی نادیار ئەکات.

بە کورتی بلێم پشت بەستن بەم ئستراتێژییە ڕێك پشت کردنە لە هەموو دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران کە چەند نمونە لە خەباتی ئەم دواییانەی بریتین لە, خەباتی 1 مانگەی جەماوەری شارەکانی کوردستان لە هاوینی رابردوو دا کە ڕۆژی 16ی گەلاوێژی خۆلقاند، خەباتی 57 ڕۆژەی کرێکارانی کارخانەی رستن و چنینی شاری سنە کە بە دەستی خالی بە بێ ڕێکخراو و بە بێ پارەی مانگرتن، بە بێ ئەمنییەتی کۆمەلایەتی، و تەنانەت بە بێ ئەمنیەتی گیانیش 57 ڕۆژ لە بەرامبەر هێرشی دەزگا ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامی و خاوەن کار دا خۆأگری یان کرد و نمونەیەکی شکۆداریان لە خەباتی یە کگرتوو بە هەموان نیشان دا، بریتیە لە خەباتی کرێکارانی کارخانەی شاهو کە بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان هاورێ دەر کراوەکانیان بردەوە سەر کار، و بریتیە لە خەباتی کرێکارانی شاری سەقز بۆ وەرگرتنەوەی سوننەتە کرێکاریەکان لە دەستی کۆماری ئیسلامی و بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی سەربەخوی کرێکاری کە سەرنجی زۆربەی ڕێکخراوە بە ناوبانگە نێو دەولەتییەکانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا و لە ئاستی ئێرانیش دا گەلێك پشتیوانی لێکرا.

ڕەوتی دوهەم، ڕەوتێکی شکست خواردوو بەلام لە مەیدان دەر نەچووە. ئەم ڕەوتە ئیستراتێژی ئەو کوردانەیە کە 27 سالە لایەنگری یان لە باڵە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامی کردووە، ئەوانیش هەستیان بە شور و شەوقی شۆرشگێرانە لە کوردوستان کردووە و پێیان وایە گۆرانکاری لە ئارادایە، بەلام مەبەست لە جم و جۆلی ئەم جارەیان ئەوەیە کە پێش بەو ڕەوتە بگرن و نەهێلن جولانەوەی خەڵکی کوردستان لە چوار چێوەی یاسای بنەرەتی کۆماری ئیسلامی بڕواتە دەر.

خەڵکی کوردستان تەجرەبەی 27 سال هەلس و کەوتی کۆماری ئیسلامی و هەمو بالەکانی ئەو ڕژیمە یان لە گەل خۆیان تاقی کردوتەوە، کە واتە جارێکی تر بروا بەوە ناکەن کە کەسانێك بێن و لە سەر ئەساسی یاسای بنەرەتی کۆماری ئیسلامی و لەو چوار چێوەیەدا کە هەمو بەندەکانی لە دژی ئەوانە کێشەکەیان چارەسەر بکەن. تەنانەت کۆماری ئیسلامی لە ماهییەتی دا نییە کە ئەو چەند خواستە فەرهەنگیەی کە ئەوان باسی لێوە دەکەن جێ بە جێ بکات. ئەمانە پاش ئە وە ی کە هە ستیان بە وە کرد کە شورشی کوردستانیان پی سە رکوت ناکریت, لە کاتی هاتنە سەر کاری خاتەمییەوە هەولیان ئەوە بووە کە بە مەبەستی مەحدود کردنەوەی داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان بە چەند خواستێکی فەرهەنگی ئەم بزوتنەوەیە لە ناوەرۆکە شۆرشگێرانەکەی بەتاڵ بکەن.

لە کاتێك دا کە کۆماری ئیسلامی کەوتوتە بەر شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە ئاستی سەراسەری دا و هەروەها سەرقالی چەندین کێشەی ترە لە ئاستی نێو دەولەتی دا ئەمانە بە خەیالی خۆیان دەیانهەوێت کوردستانی بۆ ئارام و هێمن رابگرن. ئەم ڕەوتە شکست خواردووە، زۆر خۆی رابگریت ئەبێ بە هاوتەمەنی کۆماری ئیسلامی. خەڵکی کوردستان نە تەنیا هیوایان بە کۆماری ئیسلامی و یاساکەی و ئەم کوردانە نییە بەلکوو بە کردەوە نیشانیان داوە کە دلیان پڕ لە نەفرەت و بێزاری لەم ڕژیمە و هاوکارە کوردەکانی. بۆیە ئەدەب و بەرەکەی هیچ جێگایەك یان لە نێو خەڵکی کوردستان دا نابێت.

سێهەمین ڕەوت لە کوردستان، بەرەی رادیکال و شۆرشگێرە کە کومە لە خوی بە بە شیك لە م رە وتە ئە زانیت. مێژووی کوردستان لە 3 دەیەی رابردوودا نیشانی دا کە ئەگەر ئەم ڕەوتە و ئستراتێژییە کەی کە پشت ئەستوورە بە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و خەباتەکەیان نەبووایە, تا ئێستا بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی خەڵکی کوردستان کرابوو بە دەستمایەی سات و سەودا. ئەگەر ئەم ڕەوتە نەبوایە بزوتنەوەی خەڵکی کوردستان لە چەند سالی رابردوودا لە ناوەرۆکی شۆرشگێرانەی بە قازانجی چەند ریفۆرمێکی فەرهەنگی خالی کرا بوو. ئەم ڕەوتە ئەمرۆ زۆرتر لە دوێنی و کەمتر لە سبەینێ هەبوونی لە کوردستان پێویستە، ئەم ڕەوتە دەتوانێ پایەی کۆمەلایەتی پەیدا بکات و تا ئێستاش پەیدای کردووە. ناسنامەی ئەم ڕەوتە کە کۆمەڵە خۆی بە بەشێکی جیا نە کراوە لیی دەزانێت خەباتی کرێکارانی شارەکانی سنە و سەقز, خە باتی ژنانی ستم لیکراو, جەوانانی بی بەش لە هە موو ئیمکاناتی سە ردەم و خەباتی 1 مانگەی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە دژی سە رکوتی کوماری ئیسلامیە کە پاش مانگیك خە بات کە هە موو شارە کانی کوردستانی لە خوگرت و لە درێژەی خۆی دا و لە سەرداوای کومەلە 16 گەلاوێژی خولقاند و خەلکی کوردستان دوکان و بازاری شارەکانی کوردستانیان لەم ڕۆژەدا بە دژی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی داخست.

ئستراتێژی ئەم ڕەوتە ئاسۆیەکی سۆسیالیستی و چینایەتی هەیە و ئەیەوێت بە ئیتکا لە سەر هێزی بزوتنەوەی کرێکاران، ژنان و باقی بزوتنەوە رادیکالەکان نە تەنیا بە ستەمی نەتەوایەتی کۆتایی بێنێ، بەڵکو ڕێگا بۆ لە ناو بردنی هەرچەشنە ستە میك و هەموو موسیبەتەکانی کۆمەلگای سەرمایەداری خوش بکات. ئێمە وەکوو کۆمەڵە بۆ سەرکەوتنی ئەم ستراتێژییە تێ ئەکۆشین.

**زۆر سپاس لەوەی کە گوێگری قسەکانی من بوون. جارێکی تر بە خێر بێن. هێوادارین کات و ساتێکی خۆش بەرنە سەر.**

پاشماوەی

## پێشوازی لە ڕۆژی کۆمەڵە لە سنەو ئاواییەکانی دەوروبەری

کرابوونەوە دیواری ئەم ئاواییانە بە شیعاری بژی کۆمەڵە بژی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و پیرۆزبێت 26ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە رازا بوونەوە.

شەوی دوشەممە هەلسوراوان و لایەنگرانی کۆمەڵە ئاگرێکی گەورەیان لە سەر کێوی ئاوییەر کردەوە کە لە هەموو شوینەکانی شارەوە دیار بوو ئەو ئاگرە کە لە سەعات 6:30 ئیوارەوە هەڵ کرابوو تا سەعات 7:30 بەیانی هەر نەکوژابووە خەڵکی خەباتکار و بنەماڵەی گیان بەخت کردوان و هەلسوراوان و لایەنگرانی کۆمەڵە لە شاری سنە پەیامی پیروز بایی خۆیان بۆ کۆمەڵە ناردوە و ئەو ڕۆژە پیروزەیان ڕێز لێ گرتووە.

# وت وویژی گۆڤاری "ئارەش" لەگەڵ هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە

پەرویز قلیج خانی سەر نوسەری گۆڤاری ئارەش لە شاری پاریس دەردەچی لە ژمارەی مانگی فوریە خۆی دا وتوویژیکی بە زبانی فارسی سەبارەت بە دەوری دوکتر موسەدیق لە مێژووی سەردەم دا لە ئێران، ئەنجام داوە. ئەوەی لێرەدا دەخوینەوە دەقی وەگیردراوی ئەو وتوویژەیە.

"ئەمرۆکانە لە کاتێکدا کە ئالترناتیوێك لە لایەن لایەنگرانی ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی خەڵکی ئێران لە ئارادانیە، ژمارەیەك لە کە سایەتی، یان هێزە سیاسی یەکان، بە مەبەستی بە گژداچوونەوەی رژیمی کۆماری ئیسلامی، پشت بە ئەزموونەکانی موسەدیق وەك نموونە دەبەستن. بە سەرنج دان بەوەی کە حکومەتی موسەدیق هەڵقوڵاوی سەردەمی خۆی بوو، وە لایەنە باش و خراپەکانی ئەو دەبێ لە چوارچێوەی سەردەمی مێژوویی ئەو کاتەدا هەڵبسەنگێنەرێ و دەرسی لێ وەربگیرێ. ئێمە هاتینە سەر ئەو بروایە کە بە مەبەستی لێکدانەوەی زیاتری ئەم بۆچوونانە کۆمەڵێك پرسیار بخەینە بەردەمی خاوەن رایان."

**ئارەش: بەبڕوای ئێوە ئیستراتژی حکومەتی دوکتور مووسەدیق و بە شێوەیەکی گشتی تر، ئیستراتژی "بزووتنەوەی میللی" دەتوانێ ئولگویەك بۆ بزووتنەوەی دیمۆکراسی خوازی ئەمرۆی خەڵکی ئێران بێ؟ ئەگەر "نا" بۆچی؟ و ئەگەر دەکرێ، چۆن و لە چ بوارێکدا؟**

ئیبراهیم عەلیزادە" مووسەدیق، هەروەك خۆشی بە روونی ئاماژەی پێکردوە، بێجگە لە هێنانە دەری بەرهەمی نەوتی ئێران لە ژێر کونترۆڵی دەوڵەتی ئینگلیس، کارێکی تری نەکرد. ئەوەش هەڵبەتە لە سەردەمی مێژوویەکی دیاریکراودا رووداوێکی سیاسی گرینگ بوو. مووسەدیق کۆماریخواز نە بوو، لە بەرانبەر پاشایەتیش دا بە تەواوی هەڵویستێکی بەر گریکارانەی هەبوو. لە باشترین حاڵەتدا، لە پووچەڵ کردنەوەی ئەو پیلانانەی کە لە دژی ئەو لە ئارادا بوون، تێنە دەپەری و دەزانین کە لەم بوارەش دا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

لە بواری دیموکراسی خوازی و ئامانجە کۆمەڵایەتیەکانیش دا، مووسەدیق نەتەنیا هەڵکەوتەی سەردەمی خۆی لە ئاستی جیهانی دا نە بوو، بەڵکو تەنانەت لە ئامانج و مەبەستەکانی بزووتنەوەی "مەشرووتیەلی ئێران" و حەرەکەتی سوسیال دیموکراسی ناو جەرگەی مەشرووتیەت کە لە 50 ساڵ پێشترەوە لە ئارادا بوو، لە دواتر بوو. لاپەرەی مێژووی رووداوەکان و گۆرانکاری یەکانی جیهان لە ماوەی 50 ساڵی یەکەمی سەدەی بیستەم هەڵدەنەوە، بۆ ئەوەی بزانن کە شی کردنەوەی ئەم راستیەیە تا چ رادەیەك، ئاشکرا و بەر چاوە.

هەڵسەنگاندنی مووسەدیق و خاڵە بە هێز ولاوازەکانی رەوتێك کە ئەو رێبەریی دەکرد، باسێکە پەیوەندی بەنووسینەوەی مێژوو هەیە و لەم بوارەدا بروانا کەم خاڵێکی ئەوتۆلێڵ و شاراوە هەبێ. بەڵام ئەوەی کە کۆماریخوازەکان و لیبرالەکانی ئێستا، وەك ئولگو باس لە ئیستراتژی مووسەدیق دەکەن، تەنیا دەتوانێ نیشانەی بێ ئاسۆیی و بون بە ستی سیاسی ئەوان بێ.

کۆمەڵگای ئەمرۆی ئێران بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی مووسەدیق گەلێك گۆرانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری گرینگی تێپەر کردوە. نیزامی سەرمایەداری لەم کۆمەڵگایەدا بە ئاکامی کۆتایی خۆی گەیشتوە و گەلێك ناکۆکی و رکە بەریی چینایەتی نویی لێ کەوتۆتەوە.

ئەمرۆکانە کە لە بەری نێوان هەژاری و سەروەت رۆژبە رۆژ قوڵتر دەبێتەوە. نیزیك بە نیوەی خەڵکی ئەم وڵاتە لە ژێر هێڵی هەژاری دا ژیان بەسەردەبەن.

بە بێ سەرنج دان بەم راستیەیە دژوارە کۆمەڵایەتییانە، دیموکراسی خوازی بێ مانایە. خەبات لە پێناو دیموکراسی لە ئێران ئەگەر ئاوێتەی خەبات بۆ ئاسایشی ئابووری زۆربەی بێ بەشانی ئەم کۆمەڵگایە و پرکردنەوەی ئەم کەلەبەرانە نەبێ، بێ بناغەیە و ئەگەر تارادەیەك راستگۆیانەش بێ مەحکووم بە شکست و لە ناو چوونە.

لیبرالە رەسەنەکان لە ئورووپا لە دووسەدەی رابردوودا ئامانجە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان پشت بەستوو بە گۆرانکاری یە ئابوری یەکان کرد، هێزی کرێکاران و جوتیارانی هەژاریان کردە هاوری خۆیان، پەیوەندی یەکانی بەر هەم هێنانیان گۆری و دەرەبەگ و ئەشرافەکانیان لە گۆرەپانی سیاسی دوورخستەوە. بەڵام لیبراڵەکانی ئێستا بێجگە لە ئەسپاردنی بژیوی ژیان و خواستی کرێکاران و خەڵکی هەژار بە جەنگەلی بازار رێگایەکی تریان نییە، کە ئەوەش لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی رژیمی کۆماری ئیسلامی دا وجودی هەیە. بە کورتی بلێین کە ئەگەر حیسابی سەردەمی ناسەقامگیریی سیاسی و کاتی و هاوسەنگی هێزی لاواز کە ئیمکانی هەیە لەو هەلە کاتیانەش کە بۆ وەدەست هێنانی هێندێك ئازادی سیاسی لە کۆمەڵگادا سەرهەڵبدات، جیابکەینەوە، ئەمرۆکانە زیاتر لە هەر سەردەمێکی تر خەبات لە پێناوی دیموکراسی سەقامگر توو لە کۆمەڵگادا، بە خەبات لە دژی نیزامی سەرمایەداری و رژیمی سیاسی پارێزەری ئەو، گرێی خواردوە.

**ئارەش: دوکتور مووسەدیق بە کردەوە دژایەتی نیزامی پاشایەتی نەکرد، لە حالێکدا ئەمرۆکانە کۆماریخوازی راستی یەکی روون و تەنانەت سەقامگرتووی بزووتنەوەی ئازادیخوازی خەڵکی ئێرانە، بۆ چوونتان لەم بارەوە چیە؟ ئایا پێ داگری لە سەر "کۆماری" گرینگە یا "نا"؟**

ئیبراهیم عەلیزادە:ناتوانی ناوەرۆکی واقعی دروشمی کۆماری خوازی هەڵبسەنگێنی بە بێ ئاوردانەوە بۆ سەر هێزێك کە ئەم دروشمەی بە دەستەوە گرتوە و پلاتفورمێك کە بۆ هێنانەدی ئەم خەباتە تێدەکۆشی، پێ داگرتن لە سەر کۆماری خوازی خۆی لە خۆی دا لایەنێکی گرینگ نییە. ئەمرۆکانە زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهان بە شێوەی کۆماری بەرێوە دەچن. سەرجەم نیزامە دیکتاتۆرەکان هەوڵ دەدەن، سیمای خۆیان لە رێگای ئامرازەکانی دیموکراسیی پارلمانی بشارنەوە.

ئەگەر قەرارە ئەو کۆمارەی کە باسی دەکەین، ببێتە هێزی جەماوەر، دەبێ بزانین کە وەڵامی کۆماریخوازەکان بە نابەرابەری یە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان و بە نیاز و پێویستی یەکانی کرێکاران و تۆیژەکان لە بواری ئابووری یەوە کە کۆمەڵگا لێی بێ بەشە، چییە؟ وەڵامی کرێکارانی وشیار بەم پرسیارە، سوسیالیزمە.

ئەمرۆ چینی کرێکار بە هۆی توانای هێزی کۆمەڵایەتی و مەوقعیەتی خۆی لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی ئابووری ئێراندا، ئەم توانایی یەی هەیە کە ببێتە هێزێکی چارەونووس ساز لە کۆرانکاری یە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی داهاتوودا و سەرجەم دیمۆکراسی خوازان و ئازادیخوازانی ئەو کۆمەڵگایەش لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. هەر بۆیە، واقعی ترین و سەر راسترین رەوت بۆ تێپەر بوون و گەیشتن بە ژیانێکی دیموکراتیك لە ئێراندا، پشت بە ستن و هاوری بوونی ئەم هێزە بە بۆ رزگار بوون لە چەوسانەوەی سەرمایەداری.

**ئارەش: هەوڵدان لە پێناو یەکسانی ژن و پیاو و هەڵوەشاندنەوەی هەر جۆرە هەڵاواردنێکی جینسی، یەکێك لە بنەما سەرەکی یەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی خەڵکی ئێرانە. بزووتنەووەی میللی موسەدیق لەم پەیوەندی یەدا قسەیەکی نە بوو. ئایا لەو سەردەمەدا نەدەکرا کە سەبارەت بە یەکسانی مافەکانی ژنان لەگەڵ پیاوان هەڵوێستیکی روون و لیبراو لە ئارادا بێ؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: دوکتور موسەدیق و بەرەی میللی ئێران لەم بوارە دا هیچ ئەرکێکیان بۆ خۆیان دیاری نەکرد بوو. ئەوان پێی یان وابوو کە ئەرکی ئەوان لە رێگای هەڵبژاردنی پارلمانی لە چوار چێوەی سیستمێك دا کە تەنانەت ژنان لە ماف دەنگدانیش بێ بەش بوون، بە دی دێت. مانۆرەکانی دیپلۆماسی نێوان بەرژەوەندی دەوڵەتەکانی ئامریکا و ئینگلیس و یەکێتی شورەوی بۆ ئەوان گرینگتر لەوە بوو کە پشت بە هێزی جەماوەر لە ناو خۆی وڵاتدا ببەستن، زۆربەی کۆرو کۆبوونەوە و خۆنیشاندانەکانی سەرشەقامەکانیش هەر لە بنەرەتدا بە هۆی حیزبی تودە رێك دەخران و رێنوێنی دەکران، نەك بە هۆی بەرەی میللی یەوە هەروەها هاوری یەتی موسەدیق لەگەڵ ئایە تووڵا کاشانی و سەرجەم ناوەندەکانی شیعە هیچ رێگایەکی بۆ دیاریکردن و پێ راگەیشتن بە ئەرکی داد پەروەرانەی یەکسانی نێوان ژن و پیاوەوە، نەهێشتبۆوە.

ئەگەر ئاستی دەسکەوتەکانی ژنان لە نیزیك بە 40 ساڵی لە مەوبەرەوە و بزوتنەوەی بەرابەری خوازانەی سەرەتای سەدەی بیستەمی ئوروپا، بیر بخەینەوە، ئەوکاتە روون دەبێتەوە کە موسەدیق لەم بوارە دا بە چ رادەیەك لە سەردەمی خۆی لە دواتر بوە. موسەدیق لەم بوارەدا تەنانەت بەرادەی رەزاخان، یان ئاتاتورکیش هەنگاوی هەڵنەگرت.

**ئارەش: حکومەتی دوکتور موسەدیق بۆ کۆتایی هێنان بە نیزامی دەرەبەگایەتی، بە کردەوە هەنگاوێکی هەڵنەگرت، ئایا ئەم کارە لە لاواز بوونی حکومەتی میللی موسەدیق لە بەرانبەر هێزە کۆنە پەرستەکان و دەسەڵاتەکانی دەرەوە، کاریگەری نەبوو؟ ئایانە دەکرا بە هێرش بۆ سەر خاوەن ملکە گەورەکان و پشتیوانی لە مافەکانی جوتیاران واتە زۆربەی جەمعیەتی ئەوکاتی ئێران، ئەوانی بەرە و پشتیوانی کردن لە حکومەتی میللی هێنا بایە مەیدان؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: نە،بەرەی میللی لەو سەردەمەدا نە، کۆماریخوازەکانی لایەنگری ئەو، ئەمرۆکانە خوازیاری هیچ جۆرە گۆرانکاری یەکی پەیوەندی یەکانی بەرهەم هێنان لە سەردەمی خۆیان دا نە بوون و نین، لەوساڵانەدا بە کەڵك وەرگرتن لە لاوازی دەوڵەتی مەرکەزی و فەزای سیاسی ئەوکاتەی کۆمەڵگا، گەلێك بزووتنەوەی خۆرسکی جوتیاری سەریان هەڵدا کە لە هێندێك ناوچە ولەوانە لە چەند بەشێکی کوردستان دەربەگەکانیان لە دەسەڵات دامالی و لە خۆیان دوورخستەوە. بەڵام رێکخستن و رێبەری کردنی ئەم بزووتنەوانە لە ئیستراتژی موسەدیق و بەرەی میللی ئێران دا جێگەیەکیان بۆ نەبوو. ئەوان لەم پەیوەندی یەدا تەنانەت وەڵامیان بە پێویستی بورژوازی ئێران بەمەبەستی ئاڵوگۆر کردنی موناسباتی ئەرزی نەدایەوە. ئەگەر بۆ لیبرالەکانی ئەمرۆ "درێژەدەری رێبازی موسەدیق" هیچ دەرەنجامێکی ئابووری جیاوازیان لەوەی کە بە هۆی کۆماری ئیسلامیەوە دیتە ئاراوە، بۆنەماوەتەوە، بۆ موسەدیق لەو سەردەمەدا هێشتاش هەلی ئەوە لە بەردەست دا بوو کە رێبەری بورژوازی ئێران بۆ خەبات لە دژی پاشماوەکانی نیزامی دەرەبەگایەتی بە دەستەوە بگرێ و پشتیوانی بەرینی جەماوەری جوتیار بەدەست بێنێ، لە هەل و مەرجێکی ئەوتۆدا رەنگە کۆمەڵگای ئێران رەوتێکی تری دەپێوا.

**ئارەش: لە سەردەمی حکومەتی دوکتور موسەدیق دا بەکردەوە بەرنامەیەکی روون و هەمەلایەنە بۆ پشتیوانی لە کرێکاران، دانەرێژرا، ئەمرۆکانە کە کرێکاران و بەگشتی کارمەندان و ئەوانەی کاری موزدی دەکەن، زۆرایەتی جەمعیەتی وڵات پێك دێنن، ئایا دەکریت هەر بەو شێوەیە لە پێناو دامەزرانی دیمۆکراسی دا خەبات بگرێ؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: لەگەڵ وەڵامیك کە لە ناو جەرگەی پرسیارەکەتان دا هەیە، کۆکم. لە راستی دا پرسیار ئەوەیە کە ئایا بە بێ وەگەرکەوتنی هێزی جەماوەری کرێکار لە پێناو وەدەست هێنانی مافەکانی خۆی، دیموکراسی دێتەدی؟ مێژووی گۆرانکاری یەکانی دووسەدەی رابردوو هەڵدەیتەوە، دبینی کە بە چ شێوەیەك دیموکراسی یەکانی سەرمایەداری رۆژئاوایی، لەسەر شانی جەماوەری کرێکار دا رێژراوە. بەڵام ئەوە کرێکارانی هەڵخەڵەتاوی داوی بورژوازی نەبوون، بەڵکو ئەوان لەم ململانێیەدا. لە شوێن دابین بوونی مافە ئینسانیەکانی خۆیان بوون. سەرجەم دەسکەوتە سیاسی و ئابووریەکانی چینی کرێکار لەوڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری بەرهەمی خەباتی راستەوخۆی چینی کرێکار بوە و لە بەرانبەریش دا سەرمایەداری کۆسپەکانی سەر رێگای پێشرەوی و سەقامگر توویی خۆی لە ململانی لەگەڵ ئەشرافیەتی دەرەبەگ و نیزامی کۆن، هەرلە بنەرەتدا بە هێزی کرێکاران بەرێوە چو و سەر رێگای خۆی پاك کردۆتەوە. هەڵبەتەلە هەمان کات دا ململانی یەکی هەمیشەیی چینایەتی بۆ بەرتەسك کردنەوە و وەرگرتنەوەی ئەم دەسکەوتانە لە نێوان بورژاوزی و چینی کرێکار لە ئارادا بوە و لەم ململانێ یەدا پابەند بوونی بورژوازی بە دیموکراسی بە تایبەت لەو شوێنانە دا کە بە بێ هیچ قسەوباسێك بە توندوتیژترین شێوە لە محەك دراوە کە چینی کرێکار نەتەنیا بەشێك لە مافەکانی خۆی بەڵکو هەمووی ئەوان داوادەکات.

ئەوەی کە بەرەی میللی و دوکتور موسەدیق بۆچی نەیانویست ویان بۆچی نەیانتوانی چینی کرێکاری تازە پێگرتووی ئێران لەو سەردەمەدا بکەنە هاوریی خۆیان، باسێکی ترە و بە پێشینەیەك کە باس کرا. چاوەروانیەکی ئەو تۆش لە موسەدیق نەدەکرا.

لەم پەیوەندی یەدا ئەمرۆکانە مەسەلەی واقعی تر ئەوەیە کە درێژەدەرانی رێبازی موسەدیق لە رێگای چ بەرنامەیەکەوە دەیانەوێ چینی کرێکار، لە دەوری ئیستراتژی خۆیان بۆ وەدەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران، کۆبکەنەوە. تایبەتمەندی یەکانی بەرنامەی ئابووری ئەوان کە پاڵپشتی ئاسایش و چاکسازیی لێبراوانە لە ژیانی چینی کرێکاردا بێ چییە؟ بەرنامەیەکی ئەوتۆ لە ئارادانیە و بۆ کۆماریخوازانی لیبرالی ئێران ئیتر هەل و سەردەمی مێژووی دەورانی موسەدیق لە دەست چوە و دووبارە نابێتەوە.

**ئارەش: حکومەتی میللی موسەدیق بەکردەوە سەرنجی نەدەدا بە مافی نەتەوە بێ بەشەکانی ئێران کە تەنانەت مافی ئەوەیان نەبوو بە زمانی خۆ جێی و زگماکی خۆیان پەروەردە بکرێن، ئایا ئەمرۆکانە دەکرێ بە بێ دێموکراتیزەکردنی پەیوەندی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران، یارمەتی بە بەرقەراری دێموکراسی بکرێ؟ چ گەلاڵەیەك لەم پەیوەندی یەدا بە پێویست دەزانی؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: لەو سەردەمەدا لە بواری مەسەلەی میللی یەوە دوولایەنی بەرچاوی ئازەربایجان و کوردستان لە ئارادا بوو کە زۆر دژوار ببۆوە بزووتنەوەی میللی لە هەر دووناوچەکە لە لایەن ئەرتەشی پاشایەتیەوە سەرکوت کرا. لە ئازەربایجان بە هەزاران کەس قەتلی عام کران، رێبەرانی بزووتنەوەی میللی لە کوردستان، قازی محەممەد و هاورێکانی ئیعدام کران، رێبەرایەتی کردنی ناوچەکان بەکردەوە لە دەستی نیزامیانی ئەرتەشی پاشایەتی دابوو کە رۆژانە سەرەتایی ترین مافەکانی خەڵکیان پێ شێل دەکرد، هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێدا حکومەتی موسەدیق سەرنجی نەدایە ئەو مەسەلانە. ئەوانە ئیتر بەڵگەی مێژوویین و

پێشڕەو

دەورەی دووهەم ژمارە217 نیوەی دووهەمی ڕێبەندانی 1384 فێبرییە 2006

# ڕاپۆرتی بەڕێوە چوونی ڕێوڕەسمی ڕۆژی کۆمەڵە لە شاری ستۆکهۆڵمی سوئید



ڕێوڕەسمی بە شکۆی 26ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە لە شاری ستۆکهۆڵم لە نێو پێشوازی گەرم و گوڕی کۆمەڵێکی بەرین لە خەڵکی ئازادیخواز، کەسایەتییە سیاسیەکان، نوێنەری حیزب و ڕەوتە سیاسییەکان و دۆستان و عەلاقەمەندانێکەوە کە هەموو ساڵێك بۆ ڕێزگرتن لە هەوڵی مێژوویی کۆمەڵە و خەڵکی خەباتکاری کوردستان بەشداری دەکەن، بەڕێوە چوو.

ڕازاندنەوەی ساڵۆنی ڕێوڕەسمی ڕۆژی کۆمەڵە بە دروشمی شۆڕشگێڕانە لە دیفاع لە سیاسەتە ڕادیکاڵ و سۆسیالیستیەکانی کۆمەڵە، بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و لە دژی ڕژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی و بڵاو کردنەوەی فیلم و سلایدی پێوەندیدار بە بەشێك لە مێژووی سەربەزرانەی کۆمەڵە سەرەنجی بەشدار بووانی ڕێ ورەسمەکەی ڕاکێشابوو. ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە 36ساڵ خەبات و تێکۆشانی سەرسەختانەی کۆمەڵە لە ڕێگای ئازادی و سۆسیالیسم بە سروودی ئەنتێرناسیۆناڵ سروودی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار و ڕاگرتنی یەك دەقیقە بێدەنگی بۆ یادی هەزاران شۆڕشگێری خەباتکار و کۆمۆنیست کە بۆ ئامانج و ئارمانەکانی ڕادیکاڵی کۆمەڵە و سەرکەوتنی بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان سەربەرزانە گیانیان بەخت کرد، دەستی پێکرد.

بێدەنگی ڕێزگرتنی یادی ئەو ئازیزانە بە سروودی "بەڕێزە گیانبازیتان" بە دەنگی ئاشنای سروودە شۆڕشگێرانەکانی کۆمەڵە، هاوڕێ کاڵێ ئاتەشین شکا.

بەڕێوەبەرانی بەرنامەکانی ڕێ ورەسمی ڕۆژی کۆمەڵە، هاورێیانی ئازیز حەمەی کەماڵی، گەلاوێژی حۆسێنی و سوهەیلاتەرکە، وێڕای بەخێرهاتنکردنی بەشدار بووان، ڕێزی بەرنامەکانیان بە زمانەکانی کوردی و فارسی ڕاگەیاند.

بەشی یەکەمی ئەم ڕێوڕەسمە بەرنامەی سیاسی بوو کە بریتی بوو لە سوخەنڕانی هاوڕێ ئیبراهیمی عەلیزادە دەبیر ئەوەڵی کۆمەڵە بەو بۆنەوە پێشکەشکردنی چەند کۆپلە سروود، شێعر و تراکتی سیاسی و هەروەها ڕاگەیاندنی ڕێزی پەیامی ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیانەی کە پێشکەشی ڕێوڕەسمەکە کرابوو. بەشی دووهەم بریتی بوو لە بەرنامەی هونەری بە بەشداری هونەرمەندانی خۆشەویست، کاڵێ ئاتەشین، ئەسعەدی ڕەزازی و هونەرمەندانی لاو، ئومید و کەژاڵ.

بەشدار بووانی ڕێوڕەسمەکە بە عەلاقەمەندییەکی تەواوەوە گوێیان بۆ سۆخەنڕانی هاوڕێ ئیبراهیمی عەلیزادە سەبارەت بە سیاسەتەکان و هەڵوێستی سیاسی کۆمەڵە لە سەر گرینگترین گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێران، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان ڕاگرت.

هاوریێ ئیبراهیم عەلیزادە لە سەرەتای قسەکانیدا وێرای بە خێر هاتنکردن و پێزانینی پێشوازی بەربڵاوی بەشدار بووان لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی کۆمەڵە، ڕێزی لە یادی ئازیزی هاوڕێ حەمەحوسێنی کەریمی و گیانبەختکردووانی ڕێبازی ئازادی و سۆسیالیسم گرت.

لە درێژەی قسەکانیدا هاوریێ ئیبراهیم عەلیزادە هەل ومەرجی سیاسی ئێرانی تاوتوێ کرد و سەبارەت بە پەروەندەی ناڤکی ئێران و هەڵس و کەوتی لایەنەکانی ئەو کێشانە لەو قەیرانەدا، دەستێوەردان و دەخاڵەتی ئامریکا لە ئێرانی بە تەواوی بەزەرەری خەڵکی ئازادیخوازی ئێران و بزووتنەوە ڕادیکاڵە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەوتی سۆسیالیستی زانی و ئاماژەشی کرد کە بە پێچەوانەی بۆ چوونی بەشێکی زۆر لە هێزەکانی ئۆپۆزۆسیۆنی بۆرژوایی، دەوڵەتی ئامریکا و وڵاتە ڕۆژ ئاواییەکان بە پێی تەجرەبەکانی پێشووی خۆیان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دەیانهەوێ کە بەرژەوەندییەکانیان بۆ خستنەژێر ڕکێف و هاوئاهەنگی لەگەڵ ڕژیمی کۆمای ئیسلامی و ڕەوتە جۆراوجۆرە ئیسلامییەکانی ناوچەکە دابین بکەن. هاوریێ ئیبراهیم عەلیزادە ڕیسواکردن و پەردەلادان لەسەر ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی شەر و کێشمە کێشەکانی پێوەندیدار بە پەروەندەی ئەتۆمی و ئاکام و دەرەنجامە زیانبارەکانی ئاژاوە گێرییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و دەخاڵەت و دەستێوەردانی ئامریکا و وڵاتە ڕۆژ ئاواییەکان لە ناوچەکە و بڵاو کردنەوەی خۆشباوەڕی و تەوەهوم لە لایەن ئۆپۆزۆسیۆنی بۆرژوایی بە ئەرکی جێدی هێزە ڕادێکاڵ و سۆسیالیستەکان زانی و لەسەر ڕەوتی ڕوولە گەشەی خەبات و مانگرتنە کرێکارییەکان، بڕەو و ئیعتباری جەماوەریی مەیلی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بردنە پێشی ستراتێژی شۆڕشگێڕانەی سەر بەخۆی پشت بەستوو بە خەباتی ڕێکخراوی بزووتنەوە ڕادیکاڵە کۆمەڵایەتییەکان جەختی کردەوە.

بەشی زۆری قسەکانی هاوڕێ ئیبراهیم عەلیزادە بۆ بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، عێراق و بزووتنەوەی کوردستان تەرخان کرا، لە درێژەی قسەکانیدا هاوری ئیبراهیم عەلیزادە وێرای پیشاندانی ناوەڕۆك و جەوهەری ڕاستەقینەی ئامانج و سیاسەتەکانی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە، جەختی کرد کە ئەگەر حیزب و ڕەوتە ناسیۆناڵیستەکان دەیانهەوێ چارەنووسی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە لە ئێران و خەباتی خەڵکی کوردستان بە ستراتیژی ئامریکا و دووپاتبوونەوەی سێناریۆی کارەساتباری عێراق گرێ بدەن، بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە لە کوردستان، بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی خەباتکاری ئێران تەنیا بە پشت بەستن بە هێزی تەشەککول و خەباتی سەربەخۆی خۆیان و لە سەر بنەمای سیاسەت و ستراتێژی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستییە کە دەتوانێ جێی خۆی لە ڕێزی جیهانی بزووتنەوەی دژی شەڕ و دژی دەسەڵاتی جیهانی سەرمایەداری بکاتەوە و چارەنووسی خۆی لەو بارودۆخە ئاڵۆزەی ناوچەکەدا بەدەستی خۆی دیاری بکات.

بە دوای سۆخەنڕانی هاوری ئیبراهیم عەلیزادە کە بە شێوەیەکی گەرم و گوڕ و بە چەپڵە لێدان لە لایەن بەشدار بووانەوە پێشوازی لێ کرا، تراکتێکی تەبلیغی لە پیوەند لەگەڵ ساڵرۆژی کۆمەڵە خوێندرایەوە.

دواتر سروودێکی شۆڕشگێرانەی تر لە لایەن هاورێ کاڵێ ئاتەشینەوە پێشکەشکرا و پاشان ڕیزی پەیامی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە لایەن بەڕێوە بەرانی بەرنامەکەوە ڕاگەیێندرا و لەو پێوەندەشدا پەیامی حیزبی چەپی سوئێد لە لایەن "مانس ئاڵمکۆیست" ئەندامی ڕێبەری حیزبی چەپ خوێندراوە کە وێڕای پیرۆزبایی وتنی ساڵروژی خۆئاشکراکردنی کۆمەڵە، ڕێزی لە تێکۆشانی مێژوویی کۆمەڵە بۆ بردنەپێشی ستراتێژی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی لە کوردستان گرت و هیوای سەرکەوتنی بۆ خەڵکی خەباتکاری کوردستان خواست.

نێوی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی کە پەیامیان بۆ ڕێوڕەسمی ڕۆژی کۆمەڵە ناردبوو، بە مجۆری خوارێیە:

1_ یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی عێراق کومیتەی سوئێد

2_ پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق _ سوئێد

3_ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران _ کومیتەی سوئێد

4_ حیزبی چەپی سوئێد

5_ یەکیەتی کۆمۆنیستەکانی عێراق

6_ شوڕای هاوئاهەنگی یەکیەتی شۆڕشگێڕی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی ئێران

7_ ڕێکخراوی ئیتحادی فەدائیان کۆمۆنیست

8_ حیزبی ڕەنجبەران

9_ ئەنجومەنی کارگەری جەماڵی چراغ وەیسی

10_ ڕێکخراوی کارگەرانی ئینقلابی ئیران _ راهیٚ کارگەر

11_ کانونی زیندانیانی سیاسی ئێران _ لە تاراوگە

12_ ڕێکخراوی فیدائیان _ ئەقەلییەت _ کۆمیتەی دەرەوەی وڵات

13_ هەستەی ئەقەلییەت

14_ حیزبی کاری ئیران (توفان)

15_ سازمانی هەشتی مارس

لە بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمەکە، بەرنامەی هونەری بە بەشداری هونەرمەندانی خۆشەویست کاڵێ ئاتەشین، ئەسعەد ڕەزازی، کەژاڵ و ئومید پێشکەشکرا کە لەلایەن بەشداربووانەوە پێشوازی لێ کرا.

بە سپاس لە پێشوازی گەرم و گوڕی بەشدار بووان و سوپاس و پێزانینی هەموو ئەو هاوڕێ دڵسۆزانەی کە بۆ بردنە پێشێ پڕبار و سەرکەوتووانەی ڕێوڕەسمی ڕۆژی کۆمەڵە یارمەتییان داین.

**کومیتەی بەڕیوە بردنی ڕێوڕەسمی ڕۆژی کۆمەڵە لە ستۆکهۆڵم**
**5ی فێورییەی 2006**

# ڕاپۆرتێك لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی کۆمەڵە لە شاری فڕانکفۆرتی ئاڵمان

27مین ساڵیادی دەستپێکردنی چالاکی عەلەنی کۆمەڵە و ڕۆژی گیانبەختکردنی هاوریێ خەباتکار و ماندوویی نەناس حەمەحوسێنی کەریمی ئەوساڵ لە ئاڵمان لە شاری فڕانکفۆرت و لە ڕێکەوتی 11ی فێورییەدا بە بەشداری بەر چاوی کۆمەڵێکی زۆر لە ئازادیخوازان، دۆستانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی شوڕشگێرانەی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە هاورێیانی دێرین و هەڵسووڕاوانی نەوەی نوێتر، لە کەش و هەوایەکی تەواو سیاسی و پڕ گروتین دا بەڕێوە چوو.

ئەو ڕێوڕەسمە سەرەتا بەسرودی ئەنتێرناسیۆناڵ سروودی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار و دوا بەدوای ئەو یەك دەقیقە بێدەنگی ڕاگرتن بۆ ڕێزگرتن لە یادی بەهەزاران گیانبەختکردووی ڕێبازی سۆسیالیسم دەستی پێکرد. دواتر بە کورتی وخێرا مێژووی تا ئێستای کۆمەڵە و ڕێگای حەرەکەتی دژواری تا ئێستای کۆمەڵە و چاوبڕین لە ئاسۆی دوا ڕۆژ و هیوا بەخشی ئەو وێرای چەند بەشێك لە ژیانی کورت بەڵام پڕبار و پڕ گروتینی هاوریێ حەمە حوسێنی کەریمی یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە خوێندرایەوە.

سۆخەنڕانی هاوریێ سەلاحی مازوجی ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەشێکی تر لە بەرنامەی ڕۆژی کۆمەڵە بوو. هاوریێ سەلاح بەشێك لە ڕابردوو وە ئێستای بارودۆخی سیاسی ئێران، کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی لەگەڵ بەشدار بووان باسکرد.

هاوریێ سەلاح سەرەتا ئاماژەی بەو بابەتە کرد کە نێوی کۆمەڵە لە کوردستان زیاتر لە هەر کاتێکی‌تر لەگەڵ خەباتی کرێکاران بۆ گەیشتن بە داخوازییەکانیان و بونیادنانی دونیایەکی باشتر، لەگەڵ خەبات لە دژی ستەمی نەتەوایەتی، لەگەڵ جەهل و خوڕافەی مەزهەبی و سەرەنجام لەگەڵ خەباتی لاوان و باقی توێژە ستەم لێچووەکانی کۆمەڵگا بۆ گەیشتن بە دونیایەکی ئازاد و کلتوری پێشڕەو تێکەڵاو بووە. کۆمەڵە ئەو ڕاستییەی بە پشتیوانەی دەور و نەقشێك کە لە ڕێبەری کردنی ئەو بزووتنەوانە پێچراوە، وەدەستی هێناوە. کۆمەڵە هەروا بەردەوام و شێلگیر ئەو سیاسەتەی تا ئێستاکەی مێژووی کاملتر و بە دەور گێرانێکی کاریگەرتر ڕاگرتووە و درێژە و بەرەو پێشچوونی بزووتنەوەی کوردستان تەزمین دەکات و لەو ڕێگایەشەوە ئیعتباری کۆمەڵایەتی خۆی لە خزمەت بە بەهێز کردنی سۆسیالیسم لە ئێراندا دادەنێ.

هاوڕێ سەلاحی مازوجی لە بەشێکی‌تری سۆخەنڕانییەکەیدا ئاماژەی بە ئاژاوەنانەوەکانی ئەم دواییانەی کۆماری ئیسلامی و لەوانە مەسەلەی پەروەندەی ئەتۆمی کرد و وتی: لە بنەڕەتەوە کۆماری ئیسلامی ستراتێژی مانەوەی خۆی لەو پەرەوەندەیەدا دەبێنێتەوە. ئەوان لە بیری ئەوەدان کە بەو ئاژاوەگێڕی و سیاسەتانە ئیمتیازاتێکی گەورەتر لە غەرب وەرگرن....، هاوڕێ سەلاح ئەوەشی وەبیر هێناوە کە ئەگەر زەخت و زۆرەکانی ئامریکا هێرشی نیزامیی بۆ سەر ئێران لی بکەوێتەوە، هەموو کوشت و بڕەکان وێرانییەکان و ئەو ڕۆژ ڕەشییانەی کە لە عێراق بینیمان، لە ئاستێکی بەرینتردا داوێنی خەڵکی ئێرانیش دەگرێت و ڕێگا بۆ کێشمەکێشە قەومی و مەزهەبییەکان خۆش دەکات. لەو ڕێگایەوە مەسیری ڕەوتی پوختە بوون و خۆسازماندانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەوتی پێکهاتنی ئۆرگانەکانی دەستەڵاتی جەماوەری، بۆ ساڵەها وەدوا دەکەوێت و ئەگەریش زەخت و گوشارەکانی ئامریکا ببێتە هۆی گەمارۆی ئابووری ئێران، دوکەڵەکەی بەر لە هەموو کەسێك دەچێتە چاوی کرێکاران و چینە کەم داهاتەکانی کۆمەڵگا. بە دڵنیاییەوە، نە لە بودجەی دەوڵەتی و نە لە بودجەی سەرسوور هێنەری نیزامی کەم ناکرێتەوە، بەڵکوو ئەوە خەڵکی ئێرانن کە دەبێ هاوکات لەگەڵ ڕەنجی نیزام، جێرەبەندی خواردەمەنی، کەمبوونی دەواو دەرمان و... تەحەممۆل بکەن.

هاوڕێ سەلاح لە بەشی کۆتایی ئەو بابەتەدا جەختی کردەوە کە ئێمە لەو گروپ و ڕێکخراو و ڕەوتە تەسلیم خوازانە نین کە لەو ماجەرا و سێناریۆ کاولکەرەدا چاویان بڕیوەتە دەسەڵات و دەیانهەوێ لەو ڕێگایەوە بەرەو دەسەڵات بخزێن. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕین کە هاوکات لەگەڵ بەرامبەرکێ و کێشمەکێشی ئێستای نێوان کۆماری ئیسلامی و ڕۆژئاوا و ئیسرائیل بە سەر کردایەتی ئامریکا، هیچکام لە لایەنەکانی کێشەکە ڕەوانین و حەقانییەتیان نییە. ئەوە کێشەی ناوخۆی بەرەی سەرمایەدارییە، لەو شەڕەدا کۆماری ئیسلامی بەدوای مانەوەی دەسەڵاتی نەحسی خۆیەتی و لایەنەکەی تریش بە پشت بەستن بە مێلیتاریزم و زلهێز بوونی نیزامی دەیهەوێ هەڵس و کەوت و مامەڵە نێونەتەوەییەکان لە جەهەت بەرژەوەندییەکانی خۆیدا ڕێك بخات. ئێمە لە دوڕێیانی دیفاع لەم یان لەویان نین، بەڵکوو دەبێ مەسیرێکی‌تر هەڵبژێرین... ئێمە دەبێ پەردە لەسەر ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئەو کێشمەکێشانە هەڵگرین، دەبێ ئاکام و دەرەنجامەکانی ئەو کێشەیە بۆ خەڵکی ڕوون بکەینەوە و هەوڵەکان بۆ پاڵپێوەنانی شۆڕش بەرەو پێشێ زیاتر بکەین... بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و پێکهێنانی ئاڵ و گۆڕی بنەڕەتی، هیچ ڕێیەکی میانبۆر (میانبر) جگە لە یارمەتی و هەوڵی زیاتر بۆ بەهێزتر کردنی ڕەوتی

دەورەی دووهەم ژمارە217 نیوەی دووهەمی ڕێبەندانی 1384 فێوریە 2006

پێشڕەو

خۆسازماندان و ڕێکخستنی بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە هەر ئێستا لە حاڵی شەڕ و پێشڕەوی دان نییە.

هاوڕێ سەلاحی مازوجی لە درێژەی قسەکانی خۆیدا وتی: هەموو نیشانە واقعی و عەینییەکانی ئەوڕۆی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان پێمان دەڵێن کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ڕوویان لە پێشڕەوی بەرچاو کردووە. مانگرتنە کرێکارییەکان و گرینگترینیان مانگرتنی کرێکارانی شێرکەتی واحێد و واوەترچوونی ئەو خەباتانە لە چوارچێوەی یاسا ئێرتجاعییەکانی ڕژیمی ئیسلامی، خەباتی شێلگیر و بەردەوامی بزووتنەوەی ژنان و شکستی فێمێنیسمی ئیسلامی، بەشداری بەرچاوی بەشی پێشرەو و وشیاری بزووتنەوەی دانشجوویی و واوەترچوونی ئەوان لە بازنەی خەباتی سێنفی و بە ئاگابوونی زیاتری ئەوان لە گرینگی و نەقشی سیاسی و وشیاریدەرانەی خەباتەکانیان و پێوەندی ئەو لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و سەراسەری و هەروەها بەشداری زۆر بەرچاو و زەق و بە هێزی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە گۆڕەپانی خەبات و دەست و پێوەند و کەسە ڕادیکاڵ و سۆسیالیستەکانی ئەو، نیشانەی ئاشکرا لەو جۆش و خرۆشە شۆڕشگێڕانەیە و ڕاپەڕین لە کۆمەڵگای ئێرانە کە ڕوویان لە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییە و ئێمە دەبێ بۆ بەهێزتر کردن و سازدانی هەرچی پتەوتری ئەو تێبکۆشین.

لە دوای حەسانەوەیەکی کورت، بەشی دووهەمی بەرنامەی ڕێ و ڕەسمی ڕۆژی کۆمەڵە بە خوێندنەوەی نێوی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی کە بە بۆنەی ئەو ڕۆژەوە بروسکەی پیرۆزباییان ناردبوو، دەستی پێکردەوە، کە بریتی بوون لە:

- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- کومیتەی ئاڵمان
- پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق- کومیتەی ئاڵمان
- کومیتەی ناوەندی سازمانی کارگەرانی ئینقلابی ئێران (راهی کارگەر)
- سازمانی فەدائییان ئەقەلییەت
- شورای هاوئاهەنگی یەکیەتی شۆڕشگێڕی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی ئێران.
- حیزبی رەنجبەرانی ئێران
- حیزبی کاری ئێران (توقان)
- حیزبی کۆمۆنیستی ئێران- م.ل.م
- کاررزاری ژنان
- ڕێکخراوی هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران.

ڕێ و ڕەسمی ڕۆژی کۆمەڵە بە ئیجرای بەرنامەی شادو هونەری بە زمانەکانی کوردی و فارسی تا درەنگانێکی شەو درێژەی کێشا.

کومیتەی بەڕێوەبردنی ڕۆژی کۆمەڵە- ئاڵمان

پاشماوەی

## خۆپیشاندان لە ڕۆژی جیهانی پشتگیری لە کرێکارانی ئێران لە چەندین ولاتی جیهان دا

ئامریکا:

هاوکات لە گەل ولاتانی دیکەی جیهان هەلسوراوانی ئێرانی و ئامریکایی بزوتنەوەی کرێکاری ڕۆژی رابردوو لە بەردەم دەفتەری پارێزەری بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری "واشینگتۆن" خۆپیشاندانیان بەرێوە برد و کردەوە دژی کرێکاریەکانی کۆماری ئیسلامی یان مەحکوم کرد. لەم خۆپیشاندانەدا "هێبا ئێل شازلی" نوێنەری ناوەندی هاوپشتی و یەکێك لە هەلسوراوانی بە پێشینەی کرێکاری ئامریکا بابەتێکی خوێندەوە و ڕۆژی پشتگیری لە کرێکارانی ئێرانی وەکوو ڕۆژی پر شکۆ ناولێ بەرێوە چوو، خۆپیشاندەران وێرای پشتگیری لە کرێکارانی ئێرانی بە تایبەت کرێکارانی شەریکەی واحێد بە تایبەت مەنسووری ئیسانلوو بوون.

نروژ: لە سەر بانگهێشتی ئیتحادیەکانی کرێکاری نۆروێژ ئێوارەی ڕۆژی 15ی فێڤریە خۆپیشاندانێك لە بەردەم بالوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لە شاری "ئۆسلۆ" بەرێوە چوو.

لەم خۆپیشاندانەدا هەلسوراوانی کرێکاری بەشی گەیاندن و گواستنەوەی نۆروێژ وێرای خوێندنەوەی وتارێك نارەزایەتی خۆیان بە دەستگیری و سەرکوتی کرێکاران دەربری.

"بێهروز ناسری" یەکێك لە هەلسوراوانی




کرێکاری لە وتارەکەی خۆی دا ئاماژەی بە سەرکوت و دەستگیری و دەرکردنی حۆکم بۆ کرێکارانی سەقز کرد و خوازیاری پشتگیری کرێکارانی جیهان لە کرێکارانی ئێران بوون.

لە کۆتایی ئەم خۆپیشاندانەدا نامەیەك ئامادە کرا کە لەو دا پشتگیری کرابوو لە خواستەکانی کرێکارانی ئێران بە تایبەت کرێکارانی شەریکەی واحێد، ئەندامانی ئیتحادیەکانی کرێکاری نۆروێژ گەرەکیان بوو کە ئەم نامەیە بدەنە بالوێزخانەی ڕژیم، بەلام بەرپرسانی ڕژیم لە وەرگرتنی نامەکە خۆ دەپارێزن.

کانادا:

شاری ئۆتاوای کانادا هاوکات لە گەل شارەکانی دیکەی جیهان خۆپیشاندانی پشتگیری لە کرێکارانی ئێران بە ئامادە بوونی هەلسوراوانی کرێکاری ئێرانی دانیشتووی کانادا و نوێنەرانی ئیتحادیەکانی کرێکاری ئەم ولاتە بە خۆیەوە بینی.

نوێنەرانی کۆنگرەی کاری کانادا، ئیتحادیەکانی سەراسەری کرێکارانی پۆست و یەکێك لە نوێنەرانی حیزبی دیمۆکراتی کانادا هەلسوراوانی کرێکاری ئێران لە بەشدار بووانی ئەم خۆپیشاندانە بوون.

بەشدار بووان لەم خۆپیشاندانە خوازیاری ئازادی دەس بە جێ مەنسوور ئسانلوو، دان پێ دانانی پێك هێنانی ڕێکخراوی کرێکاری و گەڕاندنەوەی کرێکارانی لە سەر کار دەرکراو بۆ سەرکارەکانیان بە بێ مەرج بوون.

لەم خۆپیشاندانەدا هەروەها داوا لە ئیتحادیە نێونەتەوەییەکان کرا کە شوراکانی ئیسلامی کار و خانەی کارگەر لە کۆبونەوە نێونەتەوەییەکان دەر بکەن.

برد.

ئالمان:

بزوتنەوەی کرێکاری ئێران لە ئالمان ڕۆژی رابردوو لە شاری برلین، هامبوورگ، فارنکفۆرت و کۆلن بە بەشداری لە خۆپیشاندانی ڕۆژی جیهانی پشتگیری لە کرێکارانی ئێران هاوپشتی خۆیان لە بزوتنەوەی کرێکاری ئێران راگەیاندووە و خوازیاری ئازادی بێ ئەما و ئەگەری کرێکارانی زیندانی، گەرانەوە بۆ سەر کاری کرێکارانی ئازاد کراو و لە سەر کار دەر کراو، دانی حەقدەستی بەدوا خراوی کرێکاران و دان پێ دانانی ماف پێك هێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری بوون.

ئۆتریش:

ژمارەیەك لە هەلسوراوانی ئێرانی و ئۆتریشی بزوتنەوەی کرێکاری هاوکات لە گەل ولاتانی جۆراوجۆری جیهان دەستیان دایە پشتگیری لە کرێکارانی ئێرانی و وێرای بەشداری کردن لە خۆپیشاندانی جیهانی پشتگیری لە کرێکارانی ئێرانبە کۆماری ئیسلامی یان أگەیاندووە کە کرێکارانی ئێران لە خەبات بۆ سەندنەوەی مافەکانی خۆیان بە تەنها نین.

ئەم خۆپیشاندانە لە بەردەم بالوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لە ویەن بەرێوە چوو.

سوئیس:

شاری بێرن پێتەختی سوئیس لە ڕۆژی 15ی فێڤریە خۆپیشاندانی پشتگیری لە کرێکارانی ئێرانی بە خۆیەوە بینی.

لە جەرەیانی خۆپیشاندانێك کە لە بەردەم بالوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لە شاری بێرن

پاشماوەی

## بەڕێوە چوونی ڕێورەسمی پرشکۆی 26ی ڕێبەندان لە ئوردوگای ناوەندی کۆمەڵە



مەراسم بە سرودی ئانترناسیونال کە لە لایەن کۆری سروودی "کۆمەڵە"وە خوێندرا، دەستی پێکرد و بەراگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ یادی گیان بەختکردوانی ریزەکانی کۆمەڵە و ڕێگای ئازادی سوسیالیزم، بەتایبەتی هاوڕێ حەمەحسێنی کەریمی یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە لەم ڕۆژەدا و بە گوللەی مەئمورانی جەهل و سەرمایە گیانی لە دەست دا، درێژەی پێدرا.

لەم ڕێورەسمەدا هاوڕێ فەرهاد شەعبانی ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە و تارێکی بەم بۆنەوە پێشکەش کرد لەم وتارەدا ئەوزاعی ناوچەکە، ئێران و کوردستانی هەڵسەنگاند کە دەقی وتەکانی هاوری فەرهاد شەعبانی لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا دێت. لە بەینی بەرنامەکەدا چەند سرودی شورشگێڕانە لە لایەن کۆری سرودەوە پێشکەش کرا و هاوڕێ نیزام مەلازادەش سرودێکی پێشکەش کرد.

لەبەشی دووهەمی ڕێورەسمەکەدا کە بۆ بەرنامەی هونەری تەرخانکرا بوو گۆرانی بێژی قەدیمی و ناسراوی کوردستان "سەلاح داودە" چەند گۆرانی پێشکەش بەشدار بوانکرد کە لە لایەن ئەوانیشەوە بە گەرمی پێشوازی کرا و بە چەپڵە لێدان ڕێزیان لە بەشداری ئەم گۆرانی بێژە خۆشناوە گرت.

عادل عەزیز هونەرمەندێکی تری کوردستان بە دەنگە گەرمەکەی بەشداری مەڕاسمەکەی کرد.

ڕێوڕەسمە کە دوای چەند کاتژمێر لە نێو شادی و هەڵپەرکێ و پەزیرایی لە میوانان و بەشدار بوان دا کۆتایی پێهات.

ناوی ئەو بروسکە و پەیامانە کە گەیشتنە دەستەی بەرێوەبەری مەڕاسم بەم شێوەی خوارەوە بوون:

1_ پیامی دەفتەری پەیوەندیە کوردستانیەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان
2_ پارتی دیمکراتی کوردستانی عێراق "لقی چوار" سلیمانی
3_ حیزبی دیمکراتی کوردستانی ئێران
4_ دەفتەری سیاسی حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق
5_ یەکێتی کۆمۆنیستەکانی عێراق
6_ حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان "لقی سلیمانی"
7_ حیزبی شیوعی کوردستان باشور
8_ حیزبی کاری سەر بە خۆی کوردستانی عێراق "ناوەندی سلیمانی"
9_ دەبیرخانەی یەکیتی لاوانی دیمکراتی کوردستانی عێراق
10_ مەکتەب سیاسی بزوتنەوەی دیمکراسی خوازانی کوردستان
11_ بزووتنەوەی وەرزێران و چەوساوەکانی کوردستانی عێراق
12_ کومیتەی سەر پەرشتی کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان
13_ ناوەندی حەلەبجە دژی نەسلْ کوژی و ئەنفالی خەڵکی کورد
14_ دەستەی دا کۆکی لە داخوازیەکانی خەڵك لقی سلیمانی
15_ دۆستان و لایەنگرانی کۆمەڵە لە هەولێر
16_ کەریم زەند تۆیژەر و جوغرافی دان
17_ شورای پەنابەرانی سیاسی ئێران لە سلیمانی
18_ ژومارەیەك لە لایەنگرانی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق
19_ کرێکاران و بەرپرسی سەرتاشخانەی پێشەنگ

پاشماوەی

## کرێکارانی شێرکەتی واحێد، لێبراوتر و جەسوورتر لە رابردوو دەخرۆشێن!

کرێکارانیان خستە بەردەمی هەڵسووراوانی بزووتنەوی کرێکاری، بە تایبەت هەڵسووراوانی سوسیالیستی ئەم بزووتنەوەیە لە کاتێك دا کە ڕێکخراوە سەرتاسەریەکانی کرێکاری لە ئارادا نەبن، رژیم دەتوانێ بە خۆ دەرخستن و هێزی بەسیج خەباتی کرێکاران لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا کە بە جیا لە یەکتر لە ئارادان، سەرکوت بکات.

ئەم دورەیە لە خەباتی کرێکارانی شیرکەتی واحید بە دەرس و ئەزموونەکانی یەوە تا ئێستاش کۆتایی پێ نەهاتوە، سەدان کەس لە کرێکاران هێشتاش لە بەندیخانەکاندان، بە پێی هێندێك لە راپۆرتەکان ژمارەیەکی زۆر لەو کرێکارانە، دەستیان داوەتە مانگرتن لە خواردن، کۆروکۆمەڵی بنەماڵەی گیراوەکان لە بەردەم ناوەند و ئورگانە دەوڵەتیەکاندا درێژەی هەیە.

لەم هەل ومەرجەدا پیویستە کە هەڵسووراوانی کرێکاری لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا هاوکاری هاوچینەکانی خۆیان بکەن، کاتی ئەوەیە کە خوێندکارانی ئازادیخواز رەسالەتی سیاسی خۆیان بەرنەپێش و دەست بخەنە ناودەستی کرێکارانی شیرکەتی واحید وکەسانی سوسیالیستی ناو بزووتنەوەی خوێندکاری دەبێ لەم هەلانە کەڵك وەربگرن لە پێناو گرێ دانی بزووتنەوەی خوێندکاری بە بزووتنەوەی کرێکارییەوە. ئەرکی بزووتنەوەی ژنان و سەرجەم ئینسانە ئازادیخوازەکانە کە لەم ململانی و بە گژدا چوونەوەیە دا، کرێکارانی شیرکەتی واحید بێ پاڵپشت نەهێڵنەوە. لە دەرەوەی ولات، رەنگدانەوەی بەرینی هەواڵ و راپۆرتەکانی خەباتێك کە لە ئارادایە، ڕێکخستنی کۆروکۆمەڵی پشتگیری، راکێشانی پشتگیری و پشتیوانی ناوەندەکانی کرێکاری و پێشکەوتنخواز، کۆکردنەوەی یارمەتی ماڵی بۆ سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحید، لانی کەمی کارێکن کە دەبێ بەرێوە بچن.

# ڕاپورتێك لە بەرێوە چوونی ڕێ ورەسمی ڕۆژی كۆمەڵە لە سیدنی _ ئوستڕالیا

ڕێورەسمی ڕێز گرتن لە ڕۆژی كۆمەڵـــە، ڕۆژی یەكشـــەممە 5ی فیوریـە بـە بەشـداری ژمارەیـەكی زۆر لـــە دوســـتانی كۆمەڵـــە و بزووتنـــەوەی شۆڕشـــگێڕانەی كوردستان و هـەروەها نوێنـەرانیك لـە حیزبـە سیاسـیەكان لـە شـاری سـیدنی بـەرێوە چـوو. لـــە گوشـەیەكی یەكێك لە پاركـەكانی شـاری سـیدنی و لـە سـەرەتای سـەعاتەكانی بـەیانی هاوڕێـیانی كۆمەڵـە چـەند وێنەیـەكیان لـە ڕێبـەرانی پرولتاریـا، مـاركس، ئیـنگلس و لـنین و هـەروەها چـەندین بانـد ڕۆڵـی سـووریان هـەڵكرد و فـەزای سەرسـەوزی پاركیـان دوو بەرابـەر جـوانتر كردبوو. هەروەها سوزی سروودە شورشگێڕەكان كە بیرەوەریەكانی زۆرتر لە سێ دەیەی خەباتی پڕ شوروشـــەوقی شورشـــگیرانەی كۆمەڵـە كـە لـە دژی ئیرتجـاع و نیزامـی سـەرمایەداری و لـە دژی دەسـەڵاتدارانی ڕەشـی مەزهـەبی زاڵ بـە سـەر ئێـران لـە بیروزەینەكاندا زیندوو دەكردەوە.

لـە نێـوەی سـەعاتەكانی ڕۆژدا دوسـتان و لایـەنگرانی كۆمەڵـە و حیزبی كۆمۆنیستی ئێران خۆیان بـە شـوێنی مەراسمەكـە دەگەیانـد كە لەگەڵ پێشوازی گـەرم و گوڕی هاوڕێ یانی تەشكیلاتی ڕووبەڕوو دەبوونەوە بە دوای ئیستراحەت و خواردنی نـەهار سـەعاتی 2:30ی دوانیـوەرو مـەراسمی ڕێـز گـرتنی ڕۆژی كۆمەڵـە بـە ئیعلامـی دوو بـە خێرهاتن بە زمانـەكانی كوردی و فارسـی لـە لایـەن مـوجری بەرنامەكـەوە هـاوڕێ سـالمی كەریمی دەستی پێ كرد. بە دوای ئـەوەدا، هـاوڕێ جـەلالی موحەمـەدی سـروودی ئەنترناسیونال سرودی هاوپشتی نێونەتـەوەیی چـینی كرێكـاری ئیجـرا كـرد و یـەك دەقیقـە بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیان بـەخت كردوانی ریگـای ئازادی و سوسـیالیزم ڕاگەیانـد. دواتـر بێ دەنگیەكە بە سروودی یادباد كە بە دەنگی گـەرمی هـاوڕێ جـەلال خویندرایەوە شكێندرا.

لـە لایـەن تەشـكیلاتی حیزبـی كۆمۆنیسـتی ئێـران لـە ئوسـتڕالیا هـاوری ناسـحی سـەعیدی پـەیامیكی بـە بونـەی ئـەم ڕۆژەوە خوێنـدەوە لـە بەشـێك لـە پەیامەكـەی دا ئاماژەیـەك بـە هـەل ومەرجی سیاسی ئێران، جیهان و كوردستان و هەل ومەرجی گشتی كرێكاری كرا.

بـە دوای خوێندنـەوەی پەیامەكەدا سروودیكی تر ئیجرا كـراو دواتـر هـاوڕێ عومـەری مەولودی لە هاوڕێ یانی دێرینی كۆمەڵـە سـەبارەت بـە كرێكـارانی شیركەتی واحێد و خەباتی ڕیگای ئەوان چەند قسەوباسیكی كرد و دوو شـیعر كـە یـەكیكیانی بـۆ مندالّی یەكێك لە كرێكاران كە لە جەریانی دەستگیریەكەدا كەوتبوە بـەر ئـازارو ئەزیـەتی هێزەكـانی مەزهـەبی و فاشیسـتی كۆمـاری ئیسـلامی خوێنـدەوە شـیعرەكەی تریشـی كـە لـە پەیوەنـد لەگـەڵ خـەباتی كرێكـاران بـوو پێشكەش بە بەشدار بووانی كرد.

هاوڕێ عیرفان مورووەت جو لە پەیوەنـد لەگـەڵ پـروژەی رادیـو و تەلـەویزیونی كۆمەڵـە و گرینگـی ئـەم پروژەیـە رووبە بەشـداران لـە مەراسمەكەدا چەند قسەوباسیكی كرد. درێژەدان بەم پروژەیە تـەنیا بە یارمەتی ماڵی و مەعنەویەكانی ئێوە ئیمكانی هەیە. دواتر هاوڕێ ئەحمـەدی مـوعین لـە لایـەن كومیتـەی دەرەوەی ئیتحادیـەی كۆمۆنیستەكان لە عێراق پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی ڕۆژی كۆمەڵە خوێنـدەوە خوێندنـەوەی پـەیامی حیزبـی ڕەنجبـەران و ڕاگەیانـدنی پـەیامی حیزبـی شـیوعی كوردستانی عیراق بەشیكی تر لە بەرنامەكـە بـوو. لـە مـاوەی بەرنامەكەدا چەندین سروودی تر خوێندرایـەوە هـاوری سـالحی كـەریمی كۆتـایی بەشـی یەكـەمی بەرنامەكـەی كـە بەرنامەیـەكی سیاسـی بـوو ڕاگەیانـد و بەشـی كوتـایی مەراسمەكـە بەرنامـەی هەلپـەركێ و خوشـی بـوو كـە تـا دەمەو ئێوارە بە خوشی و شادی بەشدار بووان درێژەی هەبوو.

تەشـكیلاتی دەرەوەی حیزبـی كۆمۆنیستی ئیران لە ئوستڕالیا لە جـەریاناتی سیاسـی ئامـادە لـە ڕێورەسمەكـە و لـە تـەواوی ئـەو كەسـانەی كـە لـەم مەراسمـەدا بەشداریان كرد بوو و ئیمەیان لە بـەڕێوە بردنـی ئـەم مەراسمـە یارمەتی دا بوو ئەو پەری سپاس و پێ زانینی خوی دەربری.

**تەشكیلاتی دەرەوەی وڵاتی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران _ ئوستڕالیا**

# بەریەوە چوونی ڕێورەسمی ڕۆژی كۆمەڵە لە شارە جۆراوجۆرەكانی كودرستان

بە بۆنـەی 26ی ڕێبـەندان ڕۆژی كۆمەڵـــە ، هەڵســـوراوان و تێكۆشـەرانی ڕێبـازی كۆمەڵـە لـە زۆربەی شارەكان دەستیان داوەتە چالاكی و بە شیوەیەكی بەر بلاّو تراكـــت و بانگـــەواز وراگەیاندنـەكانی كۆمەڵـەیان بـە بۆنـــەی ڕۆژی كۆمەڵـــە بـــلاّو كردۆتەوە.

### مەریوان:

لـە ڕۆژانـی 23، 24 و 25ی ڕێبەندان لەی شاری مەریوان و بە شێوەیەكی بەربلاّو دەستیان دایە بـــلاّو كردنـــەوەی تراكـــت و بانگـەوازەكانی كۆمەڵـە بـە بۆنـەی ڕۆژی كۆمەڵە.

ئـــەو گـــەرەك و شـــەقام و شـوینانەی كـە بـە بانگـەوازەكانی ڕۆژی كۆمەڵـە ڕازاونەتـەوە بـریتین لە دار سێرانی یەك و دوو، تازاوا، تەكیە، ئیدارەی بەرق، میانیەكان، شـــەهرەكی بـــەهاران، مـــەردوخ گەرەكی سەردۆشی، ئیدارەی ئاو، گـــەرەكی ئیســـتادیوم، گـــەرەكی مزگـــەوتی جامعـــە، مزگـــەوتی هـــەژاران، خیابـــانی موســـاو و هـەروەها زۆربـەی مەدرەسـەكان و ئیدارەكانی شاری مەریوان.

هـەر لـە مەریوانـەوە هـەوالنیری دەنگی كۆمەڵە ئاگاداری كردین كە لە ئاوایەكانی دەوروبەری مـەریوان لەوانـە نـێ، پێڵـە و كـانی دینـار هەڵســوراوانی كۆمەڵــە تــەواوی دەرك و دیــواری بــە بانگــەوازی كۆمەڵە ڕازاونەتەوە. شیاوی باسە لـــە دویـــنی دوانیـــوەرۆ هەڵســووراوانی كۆمەڵـە بـە ڕۆژی ڕووناك بانگەوازەكانی كۆمەڵـەیان بەهـەزارها لـە نێـو خـەڵك بـلاّو كردۆتـەوە. هـەر دویـنی هێـزە ئەمنیەتیـیەكانی ڕژیـم، سـپا و ئیتلاعـات دوایـی ئـەم چالاكیـیە هەڵسـوراوان كەوتونـە نـاو شـار و دەستیان كـردوە بـە كۆ كردنـەوەی تراكـت و ڕاگەیاندنـەكانی كۆمەڵـە بـەلاّم لـە بـەر زۆری ئـەو تراكـت و بانگەوازانـە نـەیانتوانی كاریكـە بكـەن و سـەر شـۆڕانە گەرانـەوە موڵگەكانی خۆیان.

خەڵكی شاری مەریوان بە بینی ڕاگەیاندنـەكانی كۆمەڵـە خۆشـحال دەبون و فرمیسكی شادی دەزایـە ناوچاویان و بە پێكەنینـەوە پیرۆز بـایی ڕۆژی كۆمەڵـە یـان لـە یەكتردەكرد.

### ڕەوانسەر:

بـۆ پێشـوازی لـە ڕۆژی كۆمەڵـە تێكوشـەرانی ئـەو شـارە ڕۆژی 23ی ڕێبـەنـدان دەسـتیان داوەتـە كارێكی تەبلیغی بەربلاّو بە بۆنـەی ڕۆژی كۆمەڵـە دەرك ودیـواری ئـەو شـوینانە خـوارەوە لـە شـاری ڕەوانسـەر بـە بانگـەوازی كۆمەڵـە ڕازاونەتەوە:

خیابـانی بـەهاران، خیابـانی زەمین شاری، گەراجی كرماشان، ناوبـازاری عمـومی و سـەراوە. شیاوی باسە كە خەڵكی ڕەوانسەر بە بینینی بانگەوازەكانی كۆمەڵـە خۆشحال بوون و لە چەند ڕۆژی رابـردوودا شـاری ڕەوانسـەر فەزایەكی تری بە خۆیەوە گرتوە.

### شاورچكەی تازاوا:

لـــە شاروچـكەی تـازاواش هـەواڵمان پێـی گەیشـت، كـە تێكوشەرانی ئەم شاروچكەیەش بە پێشـوازی ڕۆژی كۆمەڵـەوە چـون و خیابـانی ئەسـلی و پاسـاژی لای مـاڵی ئیمـام جومعـە و بـەردەرگای نـیروی ئینتزامـی و ئـەو شـەقامە و مەدرەسـەكان و بیمارستانی تازاوا بـە بانگــەوازەكانی كۆمەڵـــە ڕازانەتەوە.

### جوانرۆ:

شـاری جـوانرۆش سەراسـەر بە پێشـوازی ڕۆژی كۆمەڵـەوە چـوو، هەڵسووراوانی بەدەربەستی كۆمەڵە لـە جـوانرۆ بـە پێشـوازی ڕۆژی كۆمەڵـەوە چـون و دەرك و دیـواری ئەو شوینانەیان بە بانگەوازەكانی كۆمـەڵ ڕازانـدەوە، گـەراجی باوەجـانی قـەدیم تـا كوسـێ ڕای بـازار، مەیـدانی ئیمـام، ناوەراسـتی بازار، مەیـدانی مەولـەوی، خیابانی تالـەقانی، مەیـدانی بەسـیج، خیابـانی سـیل بەنـد، زۆربـەی مەدەرسـەكان و بیمارسـتانەكانی ئـەو شـارە. خـەڵكی جـوانرۆش بـە بانگـەوازەكانی كۆمەڵـە خۆشـحال بوون و پیروزبایی ڕۆژی كۆمەڵـەیان لە یەكتر دەكرد.

### سەقز:

ئەمسالیش وەك سالاّنی رابردوو شاری سەقزیش بە پێشوازی ڕۆژی كۆمەڵـەوە چـوو، زۆربـەی گەرەكـەكانی شـاری سـەقز بـە بانگـەوازەكانی كۆمەڵـە ڕازانـەوە و سیمایەكی پڕ لە شادی و خۆشیان بە شاردا بو. ئاوایەكانی چومەڵە، قەلاّ كون بە بانگەوازەكانی كۆمەڵـە ڕازانـەوە. خـەڵكی سـەقز و ئاوایـەكانی دەوروبـەری سـەقز بـە خۆشـی وە دەیانروانیـە یـەكتر و پیرۆزبـایی ڕۆژی كۆمەڵـەیان لـە یەكتر دەكرد.

### ئاوایی بێتوش:

لـە ئـاوایی بێتـوش ناوچـەی سەردەشـتیش هەڵسـوراوانی كۆمەڵـە بـە پێشـوازی ڕۆژی كۆمەڵـەوە چـون و تـەواوی ئـەو ئاواییـیە بـە تراكـت و ڕاگەیاندنـەكانی كۆمەڵـە ڕازانـەوە. خـەڵكی بێتوشیش بە بینینی ئەم دیمە شاد بوون و پیرۆز باییان لە یەكتر دەكرد.

### بانە:

شـاری بانـە سەراسـەر بـە بانگەوازی كۆمەڵە ڕازاوە. خیابانی ئیـنقلاب، خیابـانی ئیبراهیمـی، خیابـانی بیمارسـتان، كەمەربەنـدی یـەك و دوو، خیابـانی دادگـا، گـەرەكی حـەمامی سـەربازی، گەرەكی ئاربابا، گەرەكی ساكاوا، بلـواری چـەمی زیـدی زێـن، شەهرەكی نوور، شەهرەكی جیهاد، ئازادەكـان، گـەرەكی تەپـەی خەلیفەرەحمـە بـە بانگـەوازەكان كۆمەڵـە بـە بۆنـەی ڕۆژی كۆمەڵـە ڕازانەوە. خەڵكی بانەش بە بینینی بانگەوازەكانی كۆمەڵە شاد بوون.

### ئازەربایجانی غەربی

هەڵسـووراوان و لایـەنگرانی كۆمەڵە بە بۆنەی پێشوازی و پیرۆز ڕاگـرتنی ڕۆژی كۆمەڵـە دەسـتیان دایـە بـلاو كردنـەوەی تراكـت و ڕاگەیاندنـەكان و لـە سـەر دیوارەكـانی شـار و دروشمیـان نوسیوە برێك لەو دروشمانە كە لە سەر دیوارەكان نوسراون ئەمانەیە بـەرز وپـیرۆز بێـت 26ی ڕێبەنـدان ڕۆژی كۆمەڵـە، هـەر شـەكاوە بێـت ئالای سوری سۆسیالیزم.

ڕاگەیانـدن و تراكتـەكان لـەم گەرەكانە بلاو بونەەوە، كۆلاّنـەكانی دەور و بەری قەلاتـێ، دەور و بـەری مزگـەوتی جامێعـا، مزگـەوتی عۆمـەر، نـەزەریان، شـیركەت تـەعاونی، شیركەت مەرزنشینان و شیركەت عەشایری.

پاشماوەی

# نارەزایەتی و خۆپیشاندانی كرێكارانی كانی" سەنگرودی" گیلان لە تاران



دەربـری و خۆازیـاری گەرانـەوە بـۆ سـەر كارەكانیـان و دانـی 14 مـانگ حەقدەسـت و مـەزایای وەدواخراوی خۆیان بوون.

لـە ئاكـامی جەلەسـەیێك كـە بـە بەشـداری نوێنـەرانی كرێكـاران، نوێنـەری شارسـتانی ڕودبـار لـە مەجلیسـی ڕژیـم و " داوودی ئەحمـەدی نـژاد" چـاوەدێری تایبەتی سەروك كوماری ڕژیم بە ڕیوە چوو، بـەلێنی بـە كرێكـاران درا كـە لـە هەفتـەی داهـاتوو دا بەشـێك لـە حەقدەسـتی وەدواخراویان پیاّن بدرێت.

كرێكارنی كانی ئاماژە پێ كراو كـە لـە دانیشـتوانی شـارەكانی مـەنجیل، ڕودبـار، سـەنگرود و جیرەندە لە ئوستانی گیلان بوون وێـرای بـاس كردنـی گیروگرفتـەكانی خۆیـان ڕو لـە بەرپرسانی ڕژیم ئامادە نەبوون كە تـا وەرگـرتنی مافـەكانیان نارەزایەتیـەكانیان كوتـایی پـێ بێـنن، بـەلام دوای بـەلێنی یـەك لەدوای یەك و جەخت كردنـەوەی بەرپرسـانی سـەبارەت بـە چـارە سەری گیرو گرفتەكانیان جارێكی تر گەرانەوە بۆ شوێنی ژیانیان تا چـاوەڕێ بـەكردەوە دەرهـاتنی بەلێنیـەكانی كاربەدەسـتانی كوماری ئیسلامی بكەن.

كرێكـارانی "پوشـینەبافت" جارێكی دیكە لە بەردەم ئیدارەی گشـتی پیشەسـازی قـەزوێن كۆبونەوەیان كرد

بەرەبـەیانی دوشـەممە 17ی ڕێبەنـدان كرێكـارانی شـەریكەی "پوشـینەبافت"ی قـەزوێن لـە سـێهەمین ڕۆژی نارەزایەتیـەكانی خۆیـان دا لـە بـەردەم ئیـدارەی گشـتی پیشەسـازی و كانـەكانی ئۆسـتانی قـەزوێن كۆبونـەوە و كەمتەرخەمی بەرپرسانی ڕژیم یان لـە پـێ ڕاگەیشـتن بـە گـیر و گرفتەكانیان مەحكوم كرد.

600 كرێكـاری شـەریكەی پوشینەبافتی قەزوێن كە تا ئێستا 9 مـانگ حەقدەسـت و مـەزایای وەدوا خـراوی خۆیـان وەر نـەگرتووە لـە 3 ڕۆژی رابـردوودا وێـرای ڕێپێـوان لـە ئاسـت شـاری قەزوێن دا لە بەردەم ئۆستانداری، فەرمانـداری شـاری پیشەسـازی ئـەلبۆرز و ئیـدارەی گشـتی پیشەسـازی ئۆسـتان خۆپیشاندانیان بەرێوە برد.

كرێكـارانی شـەریكەی نـاوبراو خوازیـاری بـە كـردەوە دەرهـاتنی بەلێنەكانی بەرپرسانی ڕژیم لە مەأ دانـی وامـی 1 ملیـارد دۆلاری بـە شەریكەی "پوشینەبافت" بوون تا بتـوانن حەقدەسـت و مـەزایای 9 مـانگی خۆیـان لـە شـەریكە وەر بگرن.

خۆپیشـاندانەكەی ئـەمرۆی كرێكارانی شەریكەی پوشینەبافت بە بێ هیچ جۆرە وەلامێك لە لایەن بەرپرسـانی ئیـدارەی گشـتی سـەنایعی ئۆسـتانی قەزوێنـەوە كۆتایی پێ هات.

پاشماوەی

## كامیۆنی هەڵگری مەوادی شیمایی ...

كامیۆن گەلێك كە ئەم جۆرە بارەیان پێیە لەم جادەوە هات و چۆ بكەن كە تا ئێستا ئەم جادەیە دروست نەكراوە.

ناوبراو هەروەها وتی شەریكەی نەتەوەیی نەوتی ئێران ئەركی ئەوەی لە سەر بوو كە ڕیزی باری مـەوادی شـیمایی كـە لـە ئۆسـتانی كوردستانەوە تێپەر دەبن ڕابگەیەنێت بەلام تا ئێستا ئەم كارەی نەكردووە.

جێگای وەبیر هێنانەوەیە كە بەشێك لە ئاوی خواردنەوەی شاری سنە لەم سەدە دابین دەكرێت بەلام تا ئێستا بەرپرسانی پێوەندی دار هیچ جۆرە ڕاگەیانـدنێك یـان لـەم بارەیـەوە بـلاو نەكردوەتـەوە و خـەڵك یـان ئاگـادار نەكردوەتەوە. هەر بەۆ بۆنەیە هێشتا دیار نییە كە كەڵك وەرگرتن لە ئاوی سەد چە مەترسی گەلێكی لە سەر بێهداشت و ژیانی خەڵك دەبێت.

دوپات بوونەوەی وەها ڕووداوگەلێك لە یەك شوێن و لە ماوەیەكی كەم دا شك و گومان گەلێكی سەبارەت بە ئەنقەست بوونی ئەم ڕووداوگەلە لە نێو خەڵك دا دروست كردووە.

ئەم مادەیە كە بە ڕەنگی "زەردی خەردەلی"یە لە ناو ئاو حەل نابێت و یـەك ناگرێـت، بـەلام بـۆنێكی زۆر خـراپ و پیسـی هەیـە و هـەر ئێسـتاكە بەرپرسانی ئەم كارە بە دەزگای تایبـەتی "لەجەن كێش"ی خـەریكی خالی كردنی ئەم مادە شیمایی یە لە ئاوی سەدن.

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 217 feb: 2006

# كۆژرانی 7كەس لە شاری ماكۆ بە دەستی هێزەكانی ئینتزامی رژیم

ئەو راپۆرتانەی لە شارستانی ماكۆ، هەڵكەوتوو لە ئوستانی ئازەربایجانی غەربی بەدەستمان گەیشتوە، لە لایەن ناوەندەكانی ماف مرۆڤەوە سەبارەت بە سەركوتی نارەزایەتی خەڵكی ئەم شارە و بە مەبەستی نارەزایەتی بە حەوتەمین ساڵوەگەری گیران و زیندانی بوونی عەبدولاّ ئۆجالان لە لایەن دەوڵەتی تۆركیەوە، پەسندكرا.

خەڵك بۆ نارەزایەتی بە درێژەكێشانی بازداشت و زەخت و گۆشارەكانی سەر ئوجالان لە زیندانی ئیمراڵیدا، رۆژی چوارشەممە 26ی رێبەندان لە سەر شەقامەكانی ئەم شارە كۆبوونەوە و بۆ مەحكوم كردنی ئەم كردەوەیەی دەوڵەتی توركیە و هاوپەیمانەكانی دروشمیان دەدا.

بە پێی قسەی شاهیدانی بەشدار لەم نارەزایەتیە جەماوەرییە كە بە شێوەیەكی هێمنانە بەرێوە چوو، لەلایەن هێزەكانی ئینتزامی رژیمەوە سەركوت كرا.

بە پێی دوایین هەواڵەكان لە جەریانی شەرو پێكدادانی نێوان خەڵك و هێزەكانی ئینتزامی تا ئێستا 7 كەس لە خەڵكی ماكۆ بەناوەكانی "عەلی كەریم زادەكوری عومەر، محەمەد كوری میزو، بارام كوری حەسەن دانیشتوی شاتری، عادل ماكۆیی دانیشتوی ئاوایی جەنگە، بایرم ئارەس، یوسف كەفاشی كوری ئیسماعیل، لە ئاكامی تەقەی هێزەكانی ئینتزامی كوژراون و 25 كەسیش برێندار بوون پێویستە بوترێ كە ژمارەیەكی زۆر لە خەڵك گیراون و تا ئێستا چارەنووسیان نادیارە.

# كرێكارانی شێركەتی واحێد، لێبراوتر و جەسوورتر لە رابردوو دەخرۆشێن!



هەروەك چاوەروان دەكرا، رژیمی كۆماری ئیسلامی بۆ سەركوت كردن و تێكشكاندنی مانگرتنی رۆژی 8ی رێبەندان لەلایەن شێركەتی واحێدی ئوتوبووسەكانی تاران كە لە رێگای سەندیكای كرێكارانی ئەم شێركەتەوە بانگەوازی بۆ كرابوو، لە دڕندانەترین شكل و شێواز كەڵكی وەرگرت.

رژیمی سەركوتگەر بۆ بە گژداچوونەوەی ئەم مانگرتنە نە تەنیا لە سەرجەم شێوازەكانی تا ئێستای رژیمە سەرمایەدارەكان لە دژی كرێكاران لە چەشنی كەڵك وەرگرتن لە هێزەكانی بەسیج و دژ بە مانگرتن، لەشكركێشی و داگیركردنی شوینی كار، هێرش بۆ كۆبوونەوەی كرێكاران و كەڵك وەرگرتن لە گازی فرمێسك رێژ، رژانە نێو ماڵ و مناڵی كرێكاران و راوەدوونانی هەڵسووڕاوانی كرێكاری، كەڵكیان وەرگرت، بەڵكوو بە بارمتە گرتنی هاوسەر و مناڵانی هەڵسووڕاوانی سەندیكا و ئەشكەنجە و ئازار دانیان، دڕندەیی و دڵرەقی خۆی بە لوتكە گەیاند.

لە ماوەی چەند رۆژێكدا كە كرێكاران لە بەرەبەرەی رێكخستنی ئەم مانگرتنەدا بوون، ئاستی گرتن و راوە دوونانەكان بە جۆرێك بەرین و بەربلاّو بوو كە تا ئێستاش سەرژمێرییەكی راست و دروست لە ژمارەی گیراوەكان لە بەردەست دا نیە. هێندێك لە راپۆرتەكان ژمارەی گیراوەكانیان زیاتر لە هەزار كەس راگەیاندووە.

لەم نێوەندەدا ئەگەر راگەیەنەرەكانی سەربە ئوپوزیسیونی یاسایی رژیم بە پیلانی بێدەنگی و سانسوور رووبە رووی هەواڵەكانی ئەم مانگرتنە بوونەوە، دەركردن و راگەیاندنی بێ ناو و نیشان و قسەكانی ژمارەیەك لە دەست و پێوەندەكانی رژیم كە سووكایەتی و هەرەشە لە كرێكاران بوو، پانتایی ریسوایی رژیم و ترس و نیگەرانیەكانی ئەوان بۆ هەموو كەس ئاشكرا بوو.

رژیمی سەرمایەی ئیسلامی، لە هێرش كردنە سەر كرێكاران، بە جۆرێك دڕندە خوویی خۆی دەرخست كە تەنانەت پاشماوە گەندەڵەكانی رژیمی پاشایەتی پێشوو، ئەوانەی كە لە حاڵی دارزین دان لە دەرەوەی وڵات هەوڵیان دا خۆیان بخزێنە ناو حەرەكەتی هاوپشتی لەگەڵ كرێكاران، بۆ ئەوەی ئابروویەك بۆ خۆیان بكرنەوە.

رووبەروو بوونەوەی رژیم لەگەڵ كرێكاران بە جۆرێك توندوتیژ بووكە زۆربەی خەڵكی ئاسایی و تەنانەت چاوە دێرانی سیاسیشی سەرسام كرد. خەڵك كە لەگەڵ ئاراستە و رەوتی حەرەكەتی مێژوویی زۆر ئاشنانین جێگای خۆیەتی سەرسام بن. ئەگەر ئەم دڕندەیییانە بۆ دامركاندنەوەی هەستی پڕ لە رق و قینی چینایەتی دەسەڵاتدارانی سەرمایە لە دژی كرێكارانی موزدی نەبوو، بۆ مەگەر داخوازی ئازادیی رێبەری سەندیكا، بەستنی قەراردادی بە كۆمەڵ و ئازادی كار و تێكۆشانی سەندیكا ئەم هەموە دڕندەیی و خشونەتەی پێویست بوو؟ دژ كردەوەی رژیمی كۆماری ئیسلامی و پیلانی بیدەنگە كردنی ئوپوزسیونی یاسایی رژیم لە ئاست ئەم دڕندەیی یانەی سەر بزووتنەوەی خەباتكارانەی كار لە دژی سەرمایە كە لەم ساڵانەی دوایی دا دەسكەوتی تازەی بەدەست هێناوە، هێزو گوڕوتینی زۆرتر دەبەخشێ و كۆماری ئیسلامی بەم دڵرەقی و دەرندەیی یەكە لە سەر كوتی كرێكاران لە خۆی نیشانی دا، سەرجەم چینی كرێكاری بە چەكی بە هێزتر و بە تواناتر بۆ شەر لە دژی خۆی، تەیار تركرد.

بۆ مانگرتنێك و رێكخراوەی كرێكاری بەردەوام ئەم ئیمكانە هەیە كە لە ژێر گوشاری كردەوەی توندوتیژی بورژوایی دەسەڵاتدار لەگەڵ شكست رووبەروو ببێ، بەلاّم گۆمانی تێدانیە كە كرێكارانی شیركەتی واحید و سەندیكاكەیان، لێبراوانەترو جەسوورانەتر لە رابردوو دێنەمەیدان و دەخرۆشین.

كرێكارانی شیركەتی واحید بە یەكگرتوویی و یەك پارچەی خۆیان، جەربەزەیی و بوێر ییەك كە لەم خەباتەدا لە خۆیان نیشان دا، كۆماری ئیسلامی یان تووشی پاشە كشێ كرد. كۆماری ئیسلامی ئەگەر لە كورت خایەن دا بۆ شاردنەوەی پاشەكشێی خۆی لە ئاست داخوازی كرێكاران، سەركەوتنی رواڵە تیانەی خۆی دەربخات، بەلاّم ناتوانێ هێزی یەكگرتوانە و جەربەزەیی یەك كە كرێكاران لەم خەباتەدا لە خۆیان نیشان دا، چاوپۆشی لێ بكات و وەلاّم بە داخوازی كرێكاران نەداتەوە.

خەباتی كرێكارانی شیركەتی واحید هەتا ئێرەش گەلێك دەسكەوت، ئەزموون و وانەی بە نرخی بۆ كرێكارانی ئەم بەشەو سەرجەم چینی كرێكاری ئێران، تێیدا بوو.

بێ گۆمان خۆراگرییەك كە كرێكاران لەم خەباتەدا لەخۆیان نیشان دا و سەرلێ شیواوی و ترسێك كە رژیم لە خۆی نیشان دا و رەنگدانەوەی لە ئاستی كۆمەڵگادا، بۆ چوونی رێبەران و هەڵسووراوانی ئەم حەرەكەتەی بەرانبەر بە رۆڵی خۆیان هەم لە شوێنی كار و هەم لە ئاستی كۆمەڵگادا گۆرانكاری بەسەردا دێنێ و بەمتمانە بە خۆیەكی زیاترەوە حەرەكەت دەكەن.

دژ كردەوەیەك كە رژیم لە ئاست مانگرتنی رۆژی 8ی رێبەندان لە خۆی نیشان دا پەیوەندی دەسەلاّتی سیاسی لەگەڵ هەل و مەرجی ژیان و كاری كرێكاران، لەگەڵ خەبات و مانگرتن و رێكخراوەكەیان و دانانی یاسای دژی كرێكاری لە هەر سەردەمێك زیاتر لە بەر چاوی كرێكاران ئاشكرا بوو. هەر ئەو راستییە سەر پێی یە، ئەو ئەزموونە بە كردەوەیەی، پێویستی بردنە پێشی خەباتی سیاسی و ئابوری بیری هەڵسووراوانی كرێكاری خستەوە. ئەزموونی ئەم خەباتە جاریكی تر دەبێ فێری سەرجەم كرێكاران بكرێ كە خەباتی سینفی كرێكاران بۆ گەیشتن بە داخوازییەكانیان لە ژێر دەسەلاّتی رژیمێك كە سەرەتایی ترین مافەكانی كرێكاریی وەك ماف مانگرتن و رێكخراو بوون بەرەسمی ناناسێ و بە ناچار بەرەو بەگژ دا چوونەوەی ئورگانە سەركوتگەرەكان و خەباتی سیاسی دەكێشێ.

خەباتی كرێكارانی شیركەتی واحید نەتەنیا، گوڕ هەڵكەنی شورائیسلامیەكان و خانەی كارگەری رژیم بوو، بەڵكو داخوازی ماف پێكهێنانی رێكخراوەی كرێكاری لە سەروی ویستەكانی بزووتنەوەی كرێكاری سەقامگر توتر كردو لە هەمان كاتیش دا رێگای بە كردەوەی پێكهێنانی رێكخراوەی چینایەتی كرێكارانی نیشان دا. هەڵسووراوانی كرێكاری لە بەشەكانی تریش دا نا بێ لە چاوەروانی بەدەست هێنانی مۆڵەتی یاسایی دا لە پێناو پێكهێنانی رێكخراوەكان دەست لە سەردەست دا بنێن، بەڵكو هەر لە ئێستاوە دەبێ بە بەشداری پێكردنی هەرچی بەرینتری كرێكاران لە رەوتی پێكهێنانی ئەم رێكخراوانەدا، رێكخراوەكانی چینایەتی خۆیان پێك بینن و بەكردەوە ئەوان بەسەر رژیم دا بسەپێنن و بە وەگەرخستنی كاریگەریی ئەوان لە رەوتی خەباتی كرێكاران دا، مەوقعیەتی ئەوان سەقامگرتوو بكەن.

خەبات و مانگرتنی كرێكارانی شیركەتی واحید و ئاكامەكانی ئەو، زیاتر لە هەر كاتێكی تر پێویستی رێكخستن و سازدانی رێكخراوە جەماوەری و سەرتاسەرییەكانی...

ل 6

# كامیۆنی هەڵگری مەوادی شیمایی لە لێوارەی سەدی "قشلاق"ی سنە دا هەلگەراوە و مەوادەكەی ناوی رژایە ناو ئاوی سەد

دوای نیوەرۆی رۆژی پێنج شەممە 27 ی رێبەندان كامیۆنێك كە مەوادی شیمایی لە بەندەری ماەشەهرەوە بەرەو پالاوگەی تەورێز هەل گرتبوو لە لێوارەی سەدی قشلاخی سنە دا هەلگەراوە.

كەسانێك كە شایەتی ئەم روداوە بوون راپۆرتیان داوە، مەوادی شیمایی رژاوەتە ناو ئاوی سەد و تێكەلاوی ئاوی ئەم سەدە بووە.

هەر بە پێی ئەم رووداوە شوێنی هەلگەراندنەوەی ئەم كامیۆنە لە لایەن لیباس شەخسیەكان و مەئمورەكانی ئەمنییەتی یەوە كۆنترۆل دەكرێت تا لە نزیكەو بوونی خەڵك بەم شوێنە پێشگری بكەن و هەروەها تاقیگەی تایبەت بە تاقی كردنەوەی خۆراك و ئاوی خواردنەوە لە ژێر چاوەدێری توند دایە تا پێش بگرن لە بلاو بوونەوەی هەوالی تایبەت بەم روداوە.

لە 3 سال لەمەوبەرەوە تا ئێستا 3 كامیۆنی هەلگری مەوادی شیمایی لەم شوێنەدا هەلگەراوەتەوە و مەوادەكەی رژاوەتە ناو ئاوی سەد، دۆكتۆر دلاوەری بەرپرسی زانكۆی علوم پزشكی كوردستان وێرای دان پێ دا نانی ئەم روداوە وتوویە: سەرەڕای ئەوەی كە 3 سال لەمەوبەر یەكەمین كامیۆن لەم شوێنەدا هەلگەراونەتەوە هێشتا جۆری ئەم مادە شیماییە دیاری نەكراوە. بە پێی بریارێك كە پێشتر دراوە قەرار وابوو جادەی كەمەربەندی لەم ناوچەیە دروست بكرێت تا ...

ل 7

## پێشـــــڕەو

ئورگانی كۆمیتەی ناوەندی كۆمەڵە

رێكخراوی كوردستانی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران

## ئێدیتۆر:

ئیبراهیم عەلیزادە

## كومیتەی ناوەندی كـۆمـەڵـە

Add: Sulimania _ Zerguez

Tel:
00447077520781
00447077567855

Fax: 00447043129273

E-Mali:
Komalah@komalah.org

## دەبیرخانەی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران

C.D.C.R.I
BOX 70445
10725 Stockholm _ Sweden
Tel/Fax: 4608868054

E-Mail: cpi@cpiran.org

## ئینترنت:

www.komalah.org
www.radiokomaleh.com
www.cpiran.org

## نوێنەرایەتی كۆمەڵە لە كوردستانی عیراق

Add:
Sulimania _ Rezgary
Tel:
3124760 _ 3125815

E-mail:
Komalah@hotmail.com

## نوێنەرایەتی كۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات

K. K
P. O. Box 75026
Box: 75026
Uppsala - Sweden
Tel/Fax:
4618468493
E-Mail:
komala@cpiran.org

## دەنگی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران:

شەوانە: 21 تا 22 ـــ جومعە بەیانیان 8 تا 9

شە پۆلی كورت 75، 65 و 49 میتر

## دەنگی شۆڕشی ئێران (رادیۆ كۆمەڵە):

نیوەرۆ: 13 تا 14 ئێواران: 19 تا 20

شەوانە: 22 تا 22/30

شەپۆلی كۆرت رەدیفەكانی:

75میتر بەرابەر بە 3880 كیلۆهێرتز

65 میتر بەرابەر بە 4380 كیلۆهێرتز

49 میتر بەرابەر بە 6420 كیلۆهێرتز